كۆمەڵە وتار

# دواتر

# دەینێرم

فاتیح سەنگاوی

کەرکوک_2013

**ناوی کتێب: دواتر دەینێرم**
**بابەت: کۆمەڵە وتار**
**ناوی نووسەر: فاتیح سەنگاوی**
**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید**
**زنجیرە(128) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك**
**سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی _ ئاکۆ محەمەد شوانی**
**چاپ: یەکەم**
**چاپخانە: کارۆ**
**تیراژ: (500) دانە**
**ساڵی چاپ: 2013_کەرکوك**

..............................

**پرۆژەی چاپکردنی(25) کتێب بەبۆنەی(25) ساڵەی کارەساتی ئەنفال**

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### دەسپێك

کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی بەناو ئەنفال هەوڵێکی مرۆڤـ دۆستانەیە و لە دیدی ئێمـەش دا جگـە لـەوەی ئـەرکێکی شـەرعی و نیشتمانی و نەتەوەییە لە هەمان کاتدا ئەمەکدارییە بۆ سەرجەم ئەو مرۆڤە پاك و سڤیلانەی بە نارەوا و ستەم گیانیان سـپارد و ئـازار و ئەشکەنجەی مردنیان چەشت و بونە سومبولی فیداکاری و ناسنامەی چەوساوەیی گەلی کورد و دۆزە رەواکەی.

بەشێك لـەو کارکردنانـەش ناسـاندنێتی لـە رێگـەی نوسـین و توێژینەوە و وتار و بابەتی جۆراوجۆرەوە، ئەم بەرهەمەش بریتیە لەو بابەت و نوسین و چاوپێکەوتنانەم کە لەساڵی2012دا پێی هەستاوم جگە لەو بابەتەی پەیوەستە بەلاوانەوە کە هی ساڵی 2008 هیوادارم بەم بەرهەمە کەم و کورتە بەشدارییەکی بچوکم کردبێت.

# له یادەوەریی کارەساتی جینۆسایدی بەناو ئەنفالدا... دوای 24سال دەبێ چی بکەین؟

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ﴿204﴾ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ ﴿205﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ﴿206﴾

سورة البقرة الآية: (204–206)

مێژووی کورد بەشێوەیەکی گشتی تاڕادەیەکی زۆر (لە کۆن و نوێدا) مێژویەکی پڕ لە چەرمەسەریی و کارەسات و ئاوارەیی و دەربەدەریی و کوشتن و بڕین و بێ ماف کردنە، کورد گەورەترین گەلی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە...

ئەو کارەسات و چەرمەسەرییانەش لە سەدەی بیستەمدا زیاتر بون و لەگەڵ نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا مەینەتیەکانی کورد بەرین و فراوانتربوون بەتایبەت دوای بێ بەشکرانی لە مافی کیانێکی سەربەخۆ وەکو گەلانی تری ناوچەکە ، دیارە هەموو پارچەکانی کوردستان پشکی خۆیان هەبووە لەو کارەساتانە بەتایبەتی تر کوردستانی تورکیا و عێراق(باکوور و

باشوور)، پشکی گەورەش بەر کوردستانی باشوور کەوت بەراورد بە رێژەی دانیشتوان و قوربانییەکانی، بەتایبەت لە چوار دەیەی کۆتاییدا، کە زیاتر خۆی لە ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسی کردن و پاکتاوی ڕەگەزیی(قوربانیانی بارزانی و هەڵەبجە و ئەنفال)دا بینیەوە و جگە لە چەندین شێوەو شێوازی تری دوژمنایەتی.

## پێناسەیەکی ئەنفال و پرۆسەکانی ئەنفال

ئەگەر ئەنفال لە زماندا بریتی بێت(لەزیادەی شت یان زیاد لە واجب ، یاخود بەخشینێکی بەدەر لەواجب...)، ئەوا ئەنفال بە زاراوە قورئانییەکەی بریتیە لەو ماڵ و دارایی و شتومەك و دەستکەوتانەی سوپایەکی ئیسلامی لەبەرەنجامی جەنگکردنی دژ بە بێ باوەڕە شەڕکەر و جەنگاوەرەکان بەدەستی دەهێنێت و دابەشی دەکات بەسەر تێکۆشەر و سەربازەکاندا لەڕێگەی سەرکردە و پێشەوای سوپاکەوە، بەتایبەتی ئەگەر توانیان سەرکەوتنێکی دیار و بەرچاو بەدی بهێنن ... بێگومان بەشێك لە ڕێ و شوێنەکانی ئەم بابەتە بواری ئیجتیهاد و گۆڕانکاریی دەیگرێتەوە و بەپێی شوێن و سەردەم گۆڕانکاریی لە سیستەمەکانی جەنگ و ئاشتیدا گۆرانی بەسەردا دێت...

پرۆسەکانی ئەنفالیش لای بەعس بریتی بوو لە چەند شاڵاوو پرۆسەیەکی سەربازی، پێشتر نەخشە بۆ کێشراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو،

بەپێی ستراتیژییەتێکی چڕ، لە پێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد و گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی عێراق، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە بواریی جوگراف و دیمۆگراف و رۆشنبیری و کاول و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردن و تەسفیەکردنی جەستەیی، لە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراو جۆر و جیاوازدا، لە 21ی شوباتی 1988 وە تاوەکو 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو، سەرەنجام دەیان هەزار قوربانی کەسانی بێ چەك و سیڤیل و مەدەنی لێ کەوتەوە لە پیر و لاوو منداڵ و ئافرەت و منداڵی شیرەخۆرەو ڕوخاندنی هەزاران گوند و لادێ بەمزگەوت و تەکیە و قورئان و قوتابخانە ونەخۆشخانەوە... تیایدا سوپا هەموو جۆرە چەکێکی لەناوبەر و فڕۆکەو چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەی بەکار هێنا و دواجاریش ژێرخانی ئابوری لادێیەکانی کوردستان وێران کراو و بەدەیان هەزار کەسی مەدەنی بەدیل گیران و دوای برسی و تویني کردن و ئازاردانی جەستەیی و دەرونی ڕاستەوخۆ کوژران یان بە بەزیندوویی زیندەچاڵ کران و دواتریش بەشێکیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر و سەماوە و حەمرین و نەجەف و ... هتد دا دۆزرانەوە لە عێراقدا.

**قۆناغەکانی ئەنفال:**

**- ئـــەنفالی یـــەك:** 21-2-1988........... 18-3-1988**(دۆڵـــی جافایەتی و مەرگە)**

**- ئـــــەنفالی دوو:** 22-3-1988.......... 1-4-1988 **(ناوچـــەی قەرەداغ)**

**- ئـەنفالی سـێ:** 31-3-1988.......... 18-4- 1988**(ناوچـەی گەرمیان)**

**- ئـــەنفالی چـــوار** 20-4-1988........... 1-5-1988 **(ســـنوری عەسکەر-گۆپتەپە، شوان، قەڵاسێوکە، دەشتی کۆیە).**

**- ئـــــــــــــــــــــەنفالی** 7،6،5: 24-5-1988......... 31-8-1988**(ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز)**

**- ئـــەنفالی هەشـــت:** 25-8-1988- ...... 6-9-1988**(ناوچـــەی بادینان)**

## ئەنفال لەڕوانگەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە

نهێنی هاتنی پێغەمبەران و بونی شەریعەت و ئیسلام و بریتیە لە: بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئێستاو داهاتووی مرۆڤ و دورخستنەوەی زیان و زەرەر لێیان، بەرژەوەندییەکانیش سیٚ جۆرە، زۆرپێویست و پێویست و جوانکارییەکان(الچروريات والحاجيات والتحسينيات) ، هەرە پێداویستییەکانیش(الچروريات) لە ئیسلامدا بریتین لە پاراستنی ئایین و نەفس و وەچە -ناموس- دارایی و ژیری مرۆڤ... کە هیچ یەك لەمانە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا نەپارێزران و نرخ و بەهایان بۆ دانەنرا و بەتەواوی واتا سوك و بیٚ ئەرزش کران و لەناو بران ... لە کاتێکدا هەموو ئەو خەڵکە موسوڵمان و دیندار و خاوەن بەها و ڕەوشت بون بە واتا گشتییەکەی و بە هیچ پێوەرێك شایستەی ئازاردان و سوکایەتی و گرتن ولەناوبردن نەبون، لەگەڵ ئەوەشدا نە ئایین و نەسامان و دارایی و نە وەچەو نە ناموس و نە ژیری ئەوان نەپارێزرا بگرە لەناوبران و بەدڕندانەترین شێوە هەڵسوکەتیان لەگەڵ کرا و پیر و لاوو، منال و ئافرەت و منالی شیرە خۆرەش بەبیٚ ڕەچاوکردنی هیچ مافێك کوژران و زیندە بەچاڵ کران.... کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ ئەو پرۆسانە دژ و ناتەبان بە مەبەستەکانی شەریعەت و کرۆکی ئایین و پەیامی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر...

### ئەنفال لەڕوانگەی پەیماننامەوبەڵگە نامە نێودەوڵەتییەکانەوە

لەلایەکی ترەوە ئەم شالاّوانە بە تـەواوەتی پێچـەوانەی سـەرجەم بەڵگە نامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان بوو لەوانە:

1- تاوانـەکانی دژ بەمرۆڤایـەتی1945(الجـرائم المرتکبـة ضـد الانسانية).

2- پەیماننامـــــەی ڕێگـــــری کـــــردن لـــــە پاکتـــــاوی جەستەیی(جینۆسـاید) نەتـەوە یـەکگرتووەکان 9ی کـانونی یەکەمی 1948. لە مـادە 2، کە لـە 26 تشـرینی دووەمـی 1968 ئیمزا و ئیقرار کرا لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

3- جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان. 1948

4- ڕێککەوتننامـەی جنـێڤ سـەبارەت بـە هەڵسوکەوت لەگـەڵ دیل لە 12ی ئاب1949_مادەی 13و14و15).

5- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان(3318(د-29) ی 14ی کـــانونی یەکـــەمی 1974، ســـەبارەت بـــە پاراستنی منالآن وئافرەتان لە بارودۆخـە کتـوپڕ و ناکۆکییـە چـەکدارییەکاندا، کـە هـەموو دەوڵـەتانی پابەنـد کـردووە بـە پاراستنی مافی منالّ و ئافرەت لەو بارودۆخانەدا.

ئەم شالاّوانە تەنها لە ژێرناوی جینۆسـایدا جێـی دەبێتـەوە کـە بریتیە لـە پرۆسـەیەکی مەنهـەجی و ڕێکخـراو و نەخشـە بـۆ داڕێـژراو بـوو

بەمەبەستی کاولکردن و پاکتاوکردنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی ئەتنی یا سیاسی و رۆشنبیری.

لەم پرۆسەیەدا هەرسێ قۆناغەکەی جینۆسایدی تێدا بەدی کرا کە بریتین لە(دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵەی دەکرێنە ئامانج، کۆکردنەوەیان لە سەربازگە و شوێنە دیاریکراوەکاندا، لەناوبردن و ونکردنی شوێنەواریان).

## کاریگەریەکانی ئەنفال

پرۆسەکانی ئەنفال لە چەندین رووی جۆراوجۆرەوە کاریگەریی خراپی بەجێ هێشتووە، لەوانە : ئابوری و سیاسی و دەرونی و کۆمەلأیەتی و ئاینییەوە... کە هەریەك لەمانە پێویستی بەدەیان توێژینەوەی تایبەت هەیە، بەلأم تاوەکو ئێستە کاری کەمی بۆ کراوە و بایەخی پێویستی پێ نەدراوە.

## چی کراوە و چی بکرێت

دەبێ دان بەوەدا بنێین لەسەرەتاوە زۆر کەمتەرخەم بوین لە ئاست ئەم کارەساتەدا، لە ئاست کەس و کار و بەجێ ماوەکانیاندا، لە ئاست ناسین و قسەکردن و توێژینەوە لەسەرکردن و ناساندنیدا، نەك هەر ئەوەندە بگرە زۆر بەخراپی کاری لەسەر دەکرا و شەڕی ئایدیۆلۆژی و ململانێی هێزە ناوخۆییەکانی پێ دەکرا ، بگرە هەندێ جار شەڕی ئیسلامیشی وەك ئایین پێ دەکرا و ناونانە مەبەست دارەکەی بەعس (کە بەئەنفال ناساندی) ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو، لە کاتێکدا دەبوو ئێمە وەکو خۆی بە جینۆساید بیناسین ، کە دواجار هەر ئەوەش لە خزمەتی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و دۆزەکەدا بوو ، **کەچی هەندێ ئێمە** سالأنێك سەرقالێ ئەوە بوو ئیسلام ئەنفالی کردوین و ئەم لایەنەمان تۆخ دەکردەوە، بێ ئاگا لەوەی بەعس بە مەبەستەوە

ناوه ئیسلامییەکانی بۆ جەنگ و پەلامار و هێرشەکانی بەکار دەهێنا و کارە خزمەتگوزارییەکانیشی دەکردە ناوی خۆی و حیزب و رژێمەکەیەوە...

لەو کارە باشانەی تاوەکو ئێستا کراوە و لە ئاستی کارەساتەکەدان نین، بەشێکی زۆری هەوڵی تاکەکەسیە ، بەتایبەتی لە بواری تۆمارکردنی هەندێ بەسەرهات و چیرۆك، گێرانەوەی رووداوەکان، بەدواداچونی هەندێ لەو کاریگەرییانەی بەجێی هێشتووە لە رووی دەرونی و کۆمەلأیەتی و ئابوریی و یاساییەوە...

هەر لەو میانەیەدا هاوکاریی مادی ودابین کردنی خانوبەرە بۆ زۆرێك لە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان(هەر چەندە لە ئاستی پێویستدا نیە) بەکارێکی باش دێتە ئەژمار وهەنگاوێکی باشە، لەگەڵ بونی کەم وکورییەکی زۆردا...

لەو کارە باشانەش ئەنجام دانی ئامارێکی درەنگ وەخت و تا رادەیەك لێڵ و نارۆشن لە رووی ژمارەی قوربانییەکانەوە(لە 2007)، سەرەرای گرتنی چەند کۆنگرەیەکی تایبەت بە ناساندنی جینۆسایدەکە(2008) و هتد، هەروەها ئەو هەولأنەی کە دراوە و دەدرێن بۆ داننان بەم کارەساتە لە پەرلەمانە ئەوروپییەکاندا ، شتی باشن و رێگەی راستن لە پێناو زیاتر ناساندنی ئەم جینۆسایدەدا...

بەجینۆساید ناساندنی ئەم کارەساتە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە 4-6-2007 و پەرلەمانی عێراق لە 14-4-2008 دەستکەوتن و دەبێت کاری تریشی بەدوادا بێت...

لەگەڵ چەندین کاری تر وەك دروستکردنی دکیۆمێنت و چاپ کردنی کتێب و ئەنجام دانی چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و هتد.... بەلاّم ئەوەی کراوە زۆر زۆر کەمە و لەسەرەتای رێگا و هانگاوە سەرەتاییەکانماندان.

## دەبێ چی بکەین

باجی جینۆسایدی بەناو ئەنفال دەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێت ، دواجاریش هەر دەبێ ئەو چارەسەرە هەڵبژێرین، بەلاّم پاش هاوسەنگ کردنی چەندین هاوکێشە و چەندین چاکسازیی ناوخۆیی و زەمینەخۆش کردنی جۆراوجۆر، کە دەکرێت کارکردن لەسەر جینۆسایدی بەناو ئەنفال یەك لەو ستراتیژانەی کارکردن بێت، بۆ هەنوکەش زۆر شت دەبوو بکرێن بەلاّم نەکراون یان بەکەم و کورتی ئەنجام دراون، یان دەبێ بکرێن، لەوانە:

یەکەم: کارکردن بەوەی پێی دەوترێت (دادگەریی ڕاگوزەریی) و عەدالەتی ئینتیقالی کە بریتیە لەو ڕێ و شوێنانە(قەزایی و ناقەزاییانە)ی دەگیرێتە بەر بۆچارەسەر کردنی ئەو سوکایەتیانەی

بەرامبــەر بەمافــەکانی مــرۆڤ کــراوە، بەمەبەســتی چارەســەرکردنی کاریگەرییــە بــەجێ ماوەکــانی، کــە لــە چــەندین ڕێ وشــوێنی وەکــو مولاحەقەی قەزایی و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەرنامەی چارەسەرخوازیی و چاکسازیی کردنی دام و دەزگاکان خۆی دەبینێتەوە...

یــان دەکــرێ بــوترێ بەرنامەیەکــە بــۆ گواســتنەوەیەکی ئاشــتییانە لەکۆمەڵگەیەکدا کە توشی زۆرداری سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و تــائیفی و عیرقــی بوەتــەوە وســوکایەتی ئاشــکرا ئــەنجام دراوە دژ بــە مافەکانی مرۆڤ، بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی خـواز کـە ڕای بەرامبـەر و فرەیــی پەســەند بێــت و ڕێــزی مافــەکانی مــرۆڤ بگــرێ ، بــە مــەرجێ شــوێنەواری زۆرداریــی پێشــوو بســڕێتەوە و هاوســەنگی بگەڕێتــەوە بــۆ کۆمەڵگە و ریزەکانی بەرەو پتەوی ببرێتەوە...

## سەرەتاکان

بیرۆکەی دادگەریی ڕاگوزەریی سەرەتا لە لە دادگایی کردنـەکانی نۆرمبۆرگ و نەهێڵانی فیکری نازیدا بەرجەستەبوو، یەکـەم پیـادەکردنی رونیشــی لەناوەراســتی حەفتاکانــدا لــە یۆنــان پیــادە کــرا، دواتــریش لــە بەدواداچــونی راســتیەکانی ئەرجــەنتین(1983) وشــیللی(1990) و چیکسلۆفاکیا(1991)خوارووی ئەفریقیا(1995) بینرا...

## دادگەریی راگوزەریی بۆ؟

تاوەکو رۆڵی هەبێت لە لەبیرکردنی ئێش و ئازارەکان و سوك کردنی باری سەرشانی قوربانییەکان، لابردنی شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی پێشوو، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی خاوەن بەهای نویێ، گەڕانەوەی هاوسەنگی و هەست کردن بەوەی دەبێ تاوانباران سزا بدرێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەس جورئەتی دوبارەکردنەوەی کاری لەو شێوەیە نەبێ.. بەلاّم نابێتە گیانی تۆڵەکردنەوە برەو پێ بدرێت... دیارە پیادەکردنی ئەم دادگەریی ئینتیقالیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی دی دەگۆڕێت...بەلاّم هەر دەبێ پیادە بکرێت و قوربانیەکان هەستی پێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سود لەم میکانیزمانە وەربگیرێ:

1- گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا لەڕێگەی چەندین لیژنەی جۆراوجۆرو ودام و دەزگای حکومی و ناحکومیی و نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە...
2- دادگایی کردنی تاوانباران لە رێگەی دادگای تاوانەکانەوە(نیشتمانی یا نێو دەوڵەتی) بن.
3- قەرەبوی مادی و مەعنەوی قوربانییەکان کەرێ و شوێنی زۆرە.
4- چاکسازیی کردنی دام و دەزگا رەسمی و یاساییەکان و رێگریی لە وەی تاوانباران پلەو پایەی گشتی وەربگرن.

5- دروستکردنی مینومێنت بۆ زیندوو راگرتنی لە یادەوەریی گشتیدا.
6- پێکهێنانی لیژنەی ئاشتەوایی بۆ ئەوەی تاوانبار دان بە تاوانەکەیدا بنێ و قوربانیش لێی خۆش بێت، دواتر ئاشتەوایی نیشتمانی بەدوادا بێت بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵگە: نەتەوەیی، ئاینینی، تایفی، سیاسی، کەلێرە زیاتر نەتەوەیی سیاسییە.
7- دەرکردنی لێبوردنی گشتی یا تایبەتی بۆ ئەوانەی تاوانیان ئەنجام نەداوە بۆ ئەوەی هەلی چونە نێو کۆمەڵگەی نوێیان هەبێت.
8- دیارە ئەم هەنگاوانەش بێ کۆسپ نییە و رێ و شوێنی تایبەتی دەوێت (و دەکرێ هەندێ هەمووارکردنی کەمیش بیگرێتەوە)، بەڵام ئێمەی کورد هەنگاوی جیدیمان بۆ نەناوە...

دووەم: دامەزراندنی سەنتەر و دەزگایەکی کارا و کاریگەری پشت ئەستوور بە هاوکارییەکانی حکومەت، کە دەیان توێژەر و رۆژنامەنوس و کەسانی جۆربەجۆر ی پسپۆڕ کاری تێدا بکەن... وپشتیوانی هەموو هەوڵێك بکات بۆ خزمەتی دۆزی ئەنفال، دیارە ئەمە نەکراوە، ئەوەی تا ئێستا کراوە زیاتر کار و هەوڵ تاکەکەسی بون، هەندێ توێژەر و نوسەر

پێـی هەسـتاون، ئێمـە پێویسـتیمان بەوەیـە هــەزاران چـیرۆکی واقیعـی بنوسـینەوە و تۆماریـان بکـەین، هێشـتاش زۆرینـەی هــەرەزۆری ئــەو کەسـانەی لـەو شـالأوانە دەربـاز بـوون زینـدوون و لـەناومانا مـاون، هەندێکیان مردوون و چیرۆکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ژێرخاکەوە....
پێویستیمان بە دەیـان و سـەدان توێژینـەوەی زانسـتیی هەیـە لـە بـواری کۆمەلأیەتی و دەرونی و سیاسی و ئابوری و یاساییدا، بۆ خوێندنـەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکـانی ئـەنفال و کاریگەرییـە فرەکـانی، بـۆ خزمـەتی کەس و کارە بەجێ ماوەکانیان و چۆنێتی قەرەبوو کردنەوەیان... بۆ... بۆ...
سێیەم: برەودان بە بنیاتنانی مۆنۆمێنت و گرنگـی دان بـەو مۆنومێنتـەی کـە دەسـتی پـێ کـراوە لـە چەمچـەماڵ و شـوێنانی تر(لـە دادگـەریی راگوزەریشدا ئامازەمان پێی دا) دەوڵەمەندکردنی بەو کەرەستە و بابـەت و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی خزمەت بە ناساندنی ئـەنفال دەکـەن لـە سـەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.
چـوارەم: ئــەنجام دان و دەرکردنــی فیلمــی دیکۆمێنتــاری و بەرهــەمی جۆراوجۆریی هونەریی تـر بـۆ ناسـاندنی دۆزەکـە بـە جیهـان و ناوەنـدە جۆراوجۆرە و وەرگێڕانیان بۆ زمانە زیندووەکانی تـری جیهـان... لەگـەڵ چەندین کـاری جۆراوجـۆری تـر، ئـەوەی تـاوەکو ئێسـتا کـراوە جگـە لـە

هەندێ کاری دیکۆمێنتاری شتی زۆر لاواز و کەم بەها بون، بگرە هەندێ جار لە بەهای کارەسات و کەس و کارەکەشی داگرتووە...

پێنجەم: قەرەبوکردنەوە ی مادی( بە تەقدیرکردنی تەواوی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە و ئەو ماوە زۆرەی لەو توانایانە بێ بەش کراون) و مەعنەوی(مەعنەوی بە عەدالەتی ئینتیقالی) و ورە دان پێیان و پتەوکردنی متمانە بەخۆبون و دڵخۆش کردنیان بەچەندین ڕێگەو شێوازی جیاجیا...

زیادکردنی موچەی کەس و کاریان و حساب کردنی تایبەت و زیاتر بۆ ئەوانەی زیاد لەکەسێکیان قوربانییە، هەروەها ڕەخساندنی بارێکی گونجاوو خۆشگوزەران لە و دەڤەر و ناوچانەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر. ئاوەدانکردنەوەی گوندو لادێیەکان و یارمەتی دانی بێ بەرامبەر بۆ کردنی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالآت وهتد... ئەمە پێداویستییەکە بۆ هەموو لادێیەکانی کوردستان ڕەوا و مافە و جۆرێکە لە ئەمەکداری و نیشتمان پەروەری.

هاریکاری کردنی زیاتری گەنج و لاوانی کەس و کار ئەنفال و پێدانی دەرفەتی باشتر تاوەکو جۆرێك بێ لە قەرەبوو بۆ رابردووی پڕ لە زەحمەت و چەرمەسەریی.. هەروەها چەندین شتی تر لەم بارەیەوە.

شەشەم: بنیاتنانی دام و دەزگای سەربەخۆ و مافخواز و بڵاوکردنەوەی دادوەریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و بەرنامەڕێژی بۆ بنیاتنانی تاکی بەهێز و تەندروست (بەتایبەت بۆ کەس و کاریی قوربانییەکان )... رەخساندنی مافخوازی و دام و دەزگای دادخواز خزمەتێکی گەورەیە بەوان و بەگەلی کوردستان، بەداخەوە تاوەکو ئێستە شکستمان خواردووە لەم خاڵە چارەنوس سازو گرنگەدا...

حەوتەم: داوای لێبوردن و لێخۆشبون لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراقەوە بەو پێیەی میراتگری حکومەتی پێشووە و ئەمەش عورفێکی ڕەچاوکراوە لە جیهاندا... پاشان پابەندبون بەو دەرەنجامەی لێی دەکەوێتەوە...

هەشتەم: سەرەڕای گرنگی ئامارەکەی وەزارەت، بەڵام پێویستە ژمارەی تەواوی قوربانییەکان ئاشکرا بکرێت، جا ئیتر هەر چەندە بێت، چونکە 182000 ەکە ورد نییە و ئەگەر ژمارەکە کەمتریش بێت لە گەورەیی کارەساتەکە کەم ناکات... وا نازانم رێگەی دروست نەدرکاندی بێت...

نۆیەم: چڕکردنەوەو هەوڵ دانی زیاتری ناساندنی ئەم جینۆسایدە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی تا بتوانرێت لەئاستی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە جینۆساید بناسێنرێت، لەرێگەی جۆراوجۆری وەکو

کۆنگرە و کۆنفرانس و توێژینە و بانگهێشـت کردنـی کەسـە پسـپۆڕەکانی ئەو بوارە لەسەر ئاستی جیهانیی، بۆ ئەمەش جگە لـە حکومـەت دەکـرێ تەواوی رێکخراوە چالاکەکانی ئەو بوارە و کەسـایەتییە ئەکادیمییـەکان و تەنانەت پارتـە سیاسـیە جۆراوجۆرەکـان بەشـدار بـن بـۆ چـەندین کـاری جۆراوجـــــــۆری تایبـــــــەت بـــــــەم کەیســـــــە فراوانـــــــەوە...

دەیـەم: ئـەنفال بەشـێوەیەکی فـراوانتر بخرێتـە پرۆگرامـەکانی خوێنـدن بەشـێوازێك کـە هاوکـاری بکـات بـۆ هێشـتنەوەی لـە یـادەوەریی گشـتی، بەشێوازێکیش پاڵنەر نەبێت بۆ رق و کینە و هەستی تۆڵەسەندنەوە...

دیارە کاری تر زۆرن لەگـەڵ چـونە نێـو ئـەو کارانـەوە زیـاتر دەروازەی (چی بکەین) فراوانتر دەبێت و زۆر دەرگای داخراوی تر دەکرێتەوە...

# چاوپێکەوتن

## وەلاّم بۆ پرسیارەکانی کاك سمکۆ مانگی 6ی 2012

پ1: ئەنفالو ئەنفالکردن پەیوەندییەکی مێژوویی بەکلتووری عەرەب و ئیسلامەوە هەیە، ئایا بەڕای جەنابت پەلامارو هێرشی نەگریسی ئەنفال بۆ سەر کورد لەبەهاری 1988 لەلایەن بەعسەوە پەیوەندی بەمێژووی ئەو کلتوورەوە هەیە؟
ئایا بەپێچەوانەوە بەرهەمی فیکرو گوتاری خودی بەعس خۆیەتی؟

**جەنگ و دەستکەوتی جەنگ و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە دۆخانەدا مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە لە ژیارە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا، شتێك نیە تایبەت بێت بە کەلتوری عەرەب وەك نەتەوەیەك یان ئیسلام وەك ئاینێك ... بەڵێ لە کولتوری عەرەبەکانی پێش ئیسلامدا جەنگ و کوشتار و دەستکەوت هەبووە هاوشێوەی گەلانی تر، لە ئیسلامیشدا شتێك هەیە پێی دەوترێت دەستکەوت و غەنیمەت و فەیئ ... هتد، بەلاّم ئەم پرۆسانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەنها ناوەکەیان لە ئیسلامەوە خواستووە نەك ناوەرۆکە پڕاوپڕەکەی... راستە پرۆسە جەنگیەکان لە کۆن و نوێدا خاڵی هاوبەشیان هەیە بەلاّم وەکو کرۆك و پاڵنەر و مەبەست جیاوازییان هەیە... ئەگەر تەنها ئەو خاڵە هاوبەشانە وەربگرین ئەوا دەکرێ بوترێ پرۆسەی ئەنفال پەیوەندی هەیە بە تەواوی شەڕ و جەنگ و کوشتارگەکانی نێو مێژووەوە ئیتر لەلایەن عەرەب و موسوڵمانەکانەوە**

بوبێت یان نا عەرەب و ناموسوڵمانەکانیشەوە، کە ئەم مەنتیقە بەم فراوانی و گشتیە پەسەندکراو نییە و لە توێژینەوەی زانستیدا جێگەی نابێتەوە.

ئەگەر ئەنفال لە زماندا بریتی بێت(لەزیادەی شت یان زیاد لە واجب ، یاخود بەخشینێکی بەدەر لەواجب...)، ئەوا ئەنفال بە زاراوە قورئانییەکەی بریتییە لەو ماڵ و دارایی و شتومەك و دەستکەوتانەی سوپایەکی ئیسلامی لەبەرەنجامی جەنگکردنی دژ بە بێ باوەڕە شەڕکەر و جەنگاوەرەکان(شەڕکەر نەك مەدەنی و سیڤیل) بەدەستی دەهێنێت و دابەشی دەکات بەسەر تێکۆشەر و سەربازەکانیدا ، بەتایبەتی ئەگەر توانییان سەرکەوتنێکی دیار و بەرچاو بەدی بهێنن ... دیارە بەشێك لە ڕێ و شوێنەکانی ئەم بابەتە بواری ئیجتیهاد و گۆڕانکاریی تێدایە بەپێی شوێن و سەردەم و بارودۆخ و گۆڕانکاریی لە سیستەمەکانی جەنگ و ئاشتی پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان گۆڕانکاریی لەخۆ دەگرن ، کە روونکردنەوەیان توێژینەوەی تایبەتی دەوێ.

لەبەرامبەردا (پرۆسەکانی ئەنفال) لای بەعس، بریتی بوو لە چەند شالأوو پرۆسەیەکی سەربازیی جەنگی، پێشتر نەخشە بۆ کێشراوو بەرنامە بۆ داڕێژراو، بەپێی ستراتیژییەتێکی چڕ، لە پێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد(کە مەدەنی و بێ چەك و موسوڵمان و دیندار بون!!) یان گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی

عێـراق، هــەموو ئەمانــەش لــە پێنــاو بــەدیهێنانی گۆڕانکــاریی لــە رووی جــوگرافی و دیمــۆگرافی و رۆشــنبیریەوە و دواجــار کــاول و وێرانکردنــی ژێرخــانی ئــابوری و لـــەناوبردن و تەســـفییەکردنی جەســـتەیی، لـــە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراو جۆر و جیاوازدا.

ئەم پرۆسەیە لە 21ی شوباتی 1988 وە تـاوەکو 6ی ئـەیلولی هەمان ساڵ خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو، سـەرەنجامیش دەیـان هــەزار قوربـانیی کەسـانی بـێ چـەك و سـیڤیل و مـەدەنی لـێ کەوتەوە لە پیر و لاوو منداڵ و ئافرەت و منـاڵی شـیرەخۆرە و ڕوخانـدنی هــەزاران گونــد و لادێ ***بەمزگــەوت و تەکیــە و قورئــان*** و قوتابخانــە ونەخۆشخانەوە... تیایدا سوپا هەموو جۆرە چەکێکی لەناوبـەر و فڕۆکـە و چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەی بەکار هێنا و دواجاریش ژێرخانی ئـابوری لادێیـەکانی کوردسـتان وێـران کـراو و بـەدەیان هــەزار کەسـی مـەدەنی بــەدیل گــیران و دوای برســی و تــوینی کــردن و ئــازاردانی جەسـتەیی و دەرونــی ڕاسـتەوخۆ کـوژران یـان بـە بەزینـدوویی زیندەبەچـاڵ کـران و بەشێکیشـیان لـە گـۆڕە بەکۆمەڵـەکانی حــەزەر و سـەماوە و حــەمرین و نەجەف و ... هتد دا دۆزرایەوە لە عێراقدا.

**بەڵام ئایا ئەم پرۆسانە و دەرەنجامەکانی لەگەڵ کوێی ئیسلامدا دەگونجێ ، لەگەڵ کوێی مەبەستەکانی شەریعەتدا دەگـونجێ؟ ئێمـە دەزانین** نهێنی هاتنی پێغەمبەران و بونی شــەریعەت و ئیسـلام و بریتییـە

لــە: بــەدیهێنانی بەرژەوەندییــە کــانی ئێســتا و داهــاتووی مــرۆڤ و دورخســتنەوەی زیانــەکان لێــی، بەرژەوەندییــەکانیش ســێ جــۆرە، زۆرپێویســـــــت و پێویســـــــت و جوانکارییـــــــەکان یـــــــان تەواوکارییــەکان:(الضـروریات والحاجیـات والتحسـینیات– التکمیلیـات) ، هەره پێداویستییەکانیش(الضروریات) لە ئیسلامدا بریتین لە : ***پاراستنی ئایین و نەفس و وەچە –ناموس– دارایی و ژیری مرۆڤ...*** بەلاَم بەسەرنج دانــی دەرەنجــامی ئــەو پرۆســانە بۆمــان دەردەکــەوێ هــیچ یــەك لــەو زەرورییانــەی شــەریعەت پارێزگارییــان لــێ نــەکرا و نــەپارێزران، لــەو پرۆسانەدا نرخ و بەهایان بـۆ دانـەنرا ، بگـرە بەتـەواوی واتـا سـوك و بـێ ئەرزش کران ... لە کاتێکدا هـەموو ئـەو خەڵکـە موسـوڵمان و دینـدار و خـاوەن بـەها و ڕەوشـت بـون بـە واتـا گشـتییەکەی و بـە هـیچ پێوەرێـك شایسـتەی ئـازاردان و سـوکایەتی و گـرتن ولـەناوبردن نـەبون، مەگـەر بـــەپێی بۆچـــونێکی نەتەوەپەرســـتی تونـــدڕەوی تێکـــەڵ بـــە سۆشیالیستییەکی شۆڤینییانە...

لەو پرۆسانەدا *نـە ئـایین و نەسـامان و دارایـی و نـە وەچـە و نـە ناموس و نە ژیری* ئەو خەڵکە موسوڵمانە بێ چەك و مەدەنییـە نـەپارێزرا بگرە لەناوبران و بەدڕندانەترین شێوە هەڵسوکەتیان لەگـەڵ کـرا و پـیر و لاوو، منالّ و ئـافرەت و منـالّی شـیرە خـۆرەش بـەبێ ڕەچـاوکردنی هـیچ مافێك کوژران و زیندە بەچاڵ کران.... کە ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێ ئـەو

پرۆسـانه دژ و ناتـەبان بـە مەبەسـتەکانی شـەریعەت و کرۆکـی ئـایین و پەیامی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر...

خـۆ ئەگـەر تـەنها بـاس لـە کوشـتنی نـاڕەوا بکـەین لـە ئیسلامدا،(کەسـەرجەم قوربانییـەکانی ئـەنفال لـەم جـۆرەن)، ئـەوا تـێ دەگەین ئەو رژێمە لە پاڵ تاوان و جینۆسایدەکەشیدا چۆن ویستویەتی بـەزیادکردنی ئـەو زاراوە ئەوەنـدەی تـر کارەکـەی قێـزەون بکـات... لەکاتێکدا ئەوەی ئەو پێی هەستاوە بە پێوەرە قورئانییەکە ئەگەر تـەنها یەك کەسیش بوایە وەك ئەوە وابـوو هـەموو خـەڵکی (مَـن قَتَـلَ نَفْسًـا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَـا أَحْيَـا النَّاسَ جَمِيعًا) المائدة: ٣٢، ئەمە جگە لەوەی لـە فـەرمودەی پێغەمبـەری خوادا هاتووە کە کوشتنی تەنها کەسێك بە ناڕەوا لە روخانـدنی کەعبـە و ماڵی خوا قورسترە... ("لئن تهدم الكعبه حجراً حجراً أهـون علـى الله مـن أن يراق دم امرئ مسلم"، وفى روايه: "لزوال الدنيا أهون على الله عـز وجـل من قتل رجل مسلم"، رواه الترمڤى والنسائى).

هەر بەوەی ئەم پرۆسەیە دژ بـە گـەل و نەتەوەیـەکی موسـوڵمان ئـەنجام درا ئـەتوانین بڵـێین ئـەو پرۆسـەیە دژە بـە ئیسـلام و رۆحـی شـەریعەت، چـونکە بـەهیچ پێـوەرێکی ئـایینی دروسـت نیـە کـار و پرۆسـەیەکی لـەو شـێوەیە ئـەنجام درێ. ئـەی ئـەم پرۆسـانە چ پەیوەندییەکی بە کەلتوری عەرەبی پێش ئیسلامەوە هەیە؟

دیارە کوشتن و تالآنکردن و بەکۆیلە بردن وەکو کولتورێك لە مێژووی زۆربەی گەلاندا پێشینەی هەیە و لای عەرەبیش هەبووە ، بەلآم ئایا بەعس لەم دەرچە و دەروازەیەوە بەم کارە هەستا یاخود ئەوە هەلّقولآوی ئایدیۆلۆژیای بەعس خۆی مۆدێرنە بوو وەکو بەرەنجامی حیزبێکی سەردەمی؟وە ئایا  بناغە و بنەچە و ڕیشەی ئەم جینۆساید کردنە زیاتر لە سەردەمی مۆدێرنەدایە یاخود بەدەرە لە مۆدێرنیتە؟ چونکە جگە لە عەرەبیش کارەکتەری کوردیش بەشداری چالاکانەیان کرد لەم پرۆسەیەدا و سورەی بەر لەشکربون.

وا دەبینم راستتر ئەوەیە بوترێ پرۆسەکانی ئەنفال هەلّقولآوی فیکرەی بەعسە بە رەهەندە جۆراوجۆر و پێکهێنەرە فیکری و پێشینە مێژوییەکانیەوە... کە زیاتر خۆی لە نەتەوەپەرستی و ناسیۆنالیستییەکی توندڕەو و رەگەز پەرست و شۆشیالیستیەکی فاشیستانە و نازیانەدا خۆی دەبینێتەوە، مێژووی ئەم دوو میحوەرەی پێکهێنەری بەعس لێوان لێوە لە کارەساتی مرۆیی هاوشێوە و جینۆسایدی گەلان یان بەشێك لەگەلان، رووداوەکانی هەنوکەی سوریاش(کە نزیکترین رژێمە لە بەعسی عێراقەوە و هەمان کەلتور و ئایدیۆلۆژیایان هەیە) دیویکی ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنیّ و پشتگیری روسیا و چینیش لە دیکتاتۆرەکان لەهەمان دیدو بۆچونەوەیە... بەقوربانیکردنی مرۆڤیش لەسەردەمی مۆدێرنەدا لەپێناو

هەندێ بۆچونی دیاری کراوو خواستی هەندێ لەوانەی خۆیان بەجۆرێك لەسۆپەرمان دەبینن زۆر دوور نییە لەم رەفتارانەوە... ئەکرێ بوترێ چەندین رەهەندی جۆراوجۆر بونی هەیە لەپرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا، لەسەرووی هەموویانەوە رەگەست پەرستی و ناسیۆنالیستی توندڕەو...

عەرەب و عەرەبچییەتی لەڕوانگەی بەعسەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو ، تەنانەت ئیسلامیش لای بەعس رەنگدانەوە و ئینعیکاسی عەرەبایەتی بوو، هەر بۆیە دامەزرێنەری بەعس لە یادی پێغەمبەردا کاتێ نامیلکەیەك دەنوسێ ناونیشانەکەی بریتی دەبێت لە(ژکری الرسول العربی) ، (یادی پێغەمبەری عەرەبی) نەك یادی پێغەمبەری ئیسلام، بگرە سیفەتی پەیامبەرێتی و نبوەتی لێ دادەڕنرێ و وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی دەخرێتە روو کە ئاواتی عەرەبەکانی بەرجەستە کردووە، هەر بۆیە لە دیدی عەفلەقدا دەبێت عەرەبەکان جارێکی تر موحەمەد بەرجەستە بکەنەوە لە روانگە نەتەوەییەکەوە(کان محمد کل العرب فلیکن کل العرب الیوم محمدا)، ئەمە جگە لەوەی بەرنامە و پرۆگرامی بەعس فیکرەی ئایینی رەفز دەکا و بە دواکەوتووی دادەنێ و خۆی وەك حیزبێکی عەلمانی پێشکەوتن خوازی شۆشیالیزمی دەخاتە روو...

عەفلەق هـەر لـەو  روانگـە عونسـورییەوە دەڕوانێتـە دۆزی کـورد وخـاکی کوردستانیش بە خاکی عـەرەب دادەنـێ و بۆچـونی وایـە هـەر کەسـە لـە خاکی عەرەبیدا بانگەشە بکات بۆ کوتلەیەکی رەگـەزی جگـە لـە عـەرەب ئـەوە دەبێـت دەربکـرێ لـەو ولاَتـە و رابگـوێزرێ، لەهـەمان کاتـدا وەهـا دەبـینێ بزوتنـەوەی کوردایـەتی و نەتـەوەیی گـەلی کـورد بەتایبـەت لـە عێراقدا دەستی ئیسـتیعماری لـە پشـت بـووە، هـەر بۆیـە کـاتێ دژایـەتی دروست بوو لە نێوان شۆرشی عەرەبی و بزوتنـەوەی نەتـەوەیی کوردیـدا ئەوا حەتمەن ئیستیعمار لە پشت بزوتنـەوە کوردیەکەوەیـە... سـەرەڕای ئـەوەی لەبەعسـی عێراقیـدا بـەدەوی بـون و شـۆڤێنییەت ئامادەگیـەکی بەرچاوی هەبوە... تەسحیحی قەومی و دەرکردنی کـوردە فەیلییـەکان و قڕکردنـەکانی تـری کـوردی هاووێنـەی بەرزانییـەکان و بەعـەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی تریش ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای بەعسن...

ئەگـــەر بەشـــێوەیەکی ئاینیانـــە راڤـــەی ئـــەو پرۆســـانە و دەرەنجامەکانی بکەم ئەوا دەبیـنم نـاوەڕۆکی ئـەم ئایەتـەی خـوارەوە بەسـەر بـەعس و سـەرۆکی رژێمەکەیـدا پیـادە دەبێـت، نـەك ئـەوەی پرۆسـەکە پرۆسـەیەکی دیـنی بوبێـت، بـا زاراوەی ئاینیشـی بـۆ تـەوزیف کرابێت، هەر لەبەر ئەم هۆیـەش مـن لـە پێشـەکی نامـەی ماسـتەرەکەمدا ئەو ئایەتەم داناوە و هێناومە:

( وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ (204) وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ (205) وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ (206) البقرة:٢٠٤-٢٠٧.

**کورتەی واتای ئەم ئایەتەش بریتییە لەوەی خوای گەورە پێمان دەفەرموێ:" هەندێ لە خەڵکی کاتێ لەژیانیاندا قسە دەکەن و وتاردەدەن، سەرسام دەبی پێیان، بەتایبەتی کاتێ خوا دەکەنە شاهێد لەسەر ئەوەی دڵیان پاك و ساغە و دڵسۆزن، بەڵام لەڕاستیدا دوژمن و ناحەزێکی سەرسەختن. ئەگەر پشتیان هەڵکرد و ڕۆیشتن و لەو جۆرە شوێن و جێگە دورکەتنەوە دەست دەکەن بە خراپەکاری لەسەر زەویدا وزەوی و زار و نەوە و وەچە لەناو دەبەن، لەکاتێکدا خوای گەورە خراپەکاری خۆش ناوێ، ئەگەر پێیان بوترێ لەخوا بترسن و ئەو جۆرە کارانە مەکەن، گوێ ناگرن و سەرکەش دەبن وبەردەوام دەبن لەسەر خراپەکارییەکانیان، ئەو جۆرەکەسانە دۆزەخ چاریان دەکات، کە خراپترین جێگە و شوێنە".**

**ئەوە بەعسە وتاری مرۆڤ دۆستی و ئاوەدانی و نیشتمان پەروەری دەبەخشییەوە کەچی جینۆسایدیشی پیادە دەکرد بەهەموو جۆرەکانیەوە و گوێی بۆ کەسیش نەدەگرت و ڕەوایەتی دەبەخشیە کارەکانی.**

پ2:بۆ خوردکردنەوەی شرۆڤەکردنی نێوەڕۆکی پەلاماری ئەنفالکردنی کورد، ئایا پێش هەر شتێ پێویستمان بەناسینی بەعسە، ئایا دەکرێت لەبرۆەیەکی هەمەلایەندا کلتوری عەرەبو ئیسلام بناسینو دواتر بگەڕێنەوە لای مەسەلەی پێشوتر، دەنا چۆن؟

**من وا دەبینم پێویستە بەعس بناسین بە هەموو پێکهێنەر و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیەوە، دەبێ لەوەش تێبگەین بۆچی بەعس پەنا بۆ تەوزیفکردنی زاراوەیەکی لەوشێوەیەش دەبات، ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێت ئاشنای چەمکەکە بین و بەراوردی کەین بە ناوەرۆکی ئەم پرۆسەیە لەلای بەعس...**

**ئەگەر لە ڕوی زانستی واتاسازی(علم الدلالة) و گەشە و گۆڕانی واتا(التطور الدلالي)یەوە وەك بەشێك لە زانستی واتاسازی لەم بەکارهێنانەی بەعس بڕوانین ئەوا دەتوانین بڵێین بەعس بەمەبەستەوە هەستاوە بە گۆڕان و گواستنەوەی واتا(انتقال الدلالة) وتێکشکانی واتا(انحطاط الدلالة) لە پێناو شێواندنی واتاکە و پێدانی واتای نوێ، چونکە زاراوەی ئەنفال لە جەنگی بەدردا بەکارهات بەرەی یەکەم مسوڵمان و دوەم کافر بون، یەکەم چەوساوە و دوەم ستەمکار و یەکەم دەرکراو و دوەم دەرکەر و یەکەم دەوڵەندەی بازگان و دوەم هەژاری بێ ماف کراو کە دەیویست هەندێ لە مافەکانی دەست بخاتەوە، یەکەم خاوەن بیرو باوەڕ و داکۆکی کار لە قورئان و دوەم دژە بیروباوەڕ و قورئان، جەنگەکەش لە دەشت و بیاباندا ئەنجام دراو لەناو دانیشتوان و**

خــەڵکی ســیڤیل و مەدەنیــدا نــەبوو، کــوژراوو دیلــەکانیش شــەڕکەر و جەنگاوەر بون، نەك ئافرەت و منداڵ و ...هتد... دیلـەکانیش نـەکوژران و بەفیدیــە و فێرکردنــی نەخوێنــدەواران ئــازاد کــران و پێغەمبــەریش ئامۆژکاری کردن چاکەیان لەگـەڵ بکـەن... شـت ومـەکیش بـرا و دابـەش کرا نەك مرۆڤەکان، واتە ئەنفالەکە بریتی بوو لـە شـت و مـەك... ئەمـەش ئــەوە دەگەیــەنێ ئــەو چــەمکە بەمەبەســتەوە گــۆڕێنراو بــۆ واتــای تــر بەکارهاتووە.

بەڵام پرۆسەکانی ئەنفالی بـەعس نـاوەرۆکێکی تـری هەبوو(بۆیـە وتمــان واتاکــەی گواســتراوەتەوە و تێکشــکێنراوە و بــەخراپی تــەوزیف کـراوە، هــەروەك لـە زانسـتی واتاسـازی و گەشـەی واتـادا ئامـاژەی پـێ دەکــرێ)، بــریتی بــوو لەبــەکارهێنانی چــەکی کۆمــەڵ کــوژ، کوشــتنی مسوڵمانی مەدەنی بە ئافرەت و منداڵ و پیرو پەککەوتە و ... تـد، بـریتی بــوو لەلــەناوبردنی بــاخ و دانەوێلــە و دەغــڵ ودان و شــوێنە پــیرۆز و مێژوییەکان و کوێرکردنەوەی کانیاو و روخاندنی خانـە ولانـەی مسـوڵمان و هاولاَتیــانی کوردســتان، روخانــدن و ســوتاندنی شــوێنە ئاینییــەکان و مزگەوت و قورئان و قوتابخانەکان و .... سەرەڕای گرتن و لـەناوبردن و زیندەبەچاڵکردنی ئەو کەسە بێ تاوانانە، کە بە هەموو ئـاین و یاسـایەکی ئاسمانی و زەمینی دەبوو منداڵ و ئافرەت و کەسی مەدەنی وبگرە دیلی

شەڕکەریش کە خۆی داوە بەدەستەوە پارێزگارییان لێ بکرایە ، نەك بەو سەرەنجام وچارەنوسە ببرانایە.

هەر بۆیە هەڵەبوو، ئێستاش هەر هەڵەیە شەڕی ئایدۆلۆژی بەم کارتە بکەین و لەجیاتی ناساندنی وەکو خۆی کە جینۆسایدە بچین ناسنامەیەکی تری پێ بدەین، لێرەدا نامەوێ هۆکاری ناونانی ئەم پرۆسەیە بە ئەنفال روون بکەمەوە، بەلاّم بەکورتی دەڵێم –وەکو زۆر کەسی تریش وتویانە– لەوانە مامۆستا عەبدوڕەحمان سدیق کە بەعس بەمەبەستەوەو بۆ شێواندن ئەم ناوەی هەڵبژاردووە، ئەو ناوی شوێنە خزمەتگوزارییەکانی بە ناوی بەعس و حیزب و سەرۆکەوە ناودەنا و ناوی شەڕ و رۆکێتەکانی بەناوی هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە ناودەنا نەك تەنها بەرامبەر ئێمە بگرە لەجەنگی ئێران عێراقیش و دژ بە ئێرانیش، هەمومان ساروخی حوسێن و عەباسمان لەبیرە...

**باشترین کاریّ دەبو بمانکردایە و بیکەین ناساندنی ئەنفالە لەڕوانگەی پەیماننامە و بەڵگە نامە نێودەوڵەتییەکانەوە، چونکە** ئەم شالاّوانە بە تەواوەتی پێچەوانەی سەرجەم ئەو بەڵگە نامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتیانە بوون لەوانە:

1. تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی1945(الجرائم المرتكبة ضد الانسانية).

2. پەیماننامـــــەی رێگـــری کـــردن لـــە پاکتـــاوی جەستەیی(جینۆســـاید) نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان 9ی کانونی یەکەمی 1948. مـادە 2، کـە لـە 26 تشـرینی دووەمـــی 1968 ئیمـــزا و ئیقـــرار کـــرا لـــە نەتـــەوە یەکگرتووەکان.
3. جارنامـــــەی مافـــــەکانی مرۆڤـــــی نەتـــــەوە یەکگرتووەکان1948
4. رێککەوتننامـەی جنـێڤ سـەبارەت بـە هەڵسـوکەوت لەگـــەڵ دیـــل لـــە 12ی ئـــاب1949_مـــادەی 13و14و15).
5. بڕیـــــاری کۆمەڵـــــەی گشـــــتی نەتـــــەوە یـــــەکگرتووەکان(3318(د–29) ی 14ی کـــانونی یەکـــەمی 1974، ســـەبارەت بـــە پاراســـتنی منـــاڵان وئافرەتـــان لـــە بارودۆخـــە کتـــوپڕ و ناکۆکییـــە چەکدارییەکاندا، کە هەموو دەوڵەتانی پابەند کردووە بـە پاراستنی مافی مناڵ و ئافرەت لەو بارودۆخانەدا.

ئەم شاڵاوانە دەبێت لەرێگـەی دژایـەتیان بـۆ ئـەو پەیماننامـە و بەڵگەنامانە بیانخەینە روو، لە ژێرناوی جینۆسایددا جێـی بکەینـەوە نـەک شتێکی دی، بەو پێیەی جینۆسـاید بریتیـە لـە پرۆسـەیەکی مەنهـەجی و

ڕێکخـراو و نەخشـە بـۆ داڕێـژراو بەمەبەسـتی کـاولکردن و پاکتـاوکردنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی ئەتنی یا سیاسی و ڕۆشنبیری.

ئەم پرۆسەیە هەرسـێ قۆناغەکـەی جینۆسـایدی تێـدا بـەدی کـرا کـە بـریتین لە(دەستنیشـانکردنی ئـەو کۆمەڵـەی دەکرێنـە ئامـانج، کۆکردنـەوەیان لـە سـەربازگە و شـوێنە دیاریکراوەکانـدا، لـەناوبردن و ونکردنی شوێنەواریان).

ئەگەر لەم دەروازەیە بۆی بچین و شیتەڵی کەین و لێـی تێبگـەین و کـاری بـۆ بکـەین ئـەوا هـەنگاوی دروسـت دەنـێین و سـود بـە کـورد و دۆزەکەی و دۆزی ئەنفال و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دەگەیەنین.

پ3: بـەچی پێوەرێك قسـە لەسـەر ترسـی دووبـارە بوونـەوەی ئـەنفال بکـەین؟ بـەچی لۆژیـك و باکگراونـدێك ئـەو ترسـە ڕەوایـە؟ ئایـا تائێسـتا لـەگوتاری تـاك و کۆی کوردیدا خوێندنەوەیەك هەیە بۆ ئەم لایەنە، ئەگەر نییە بۆ؟

وادەزانم ترسی دوبارەبونەوەی ئەنفال لە زۆر ڕووەوە ترسـێکی ڕەوایـە ، لـەو توێژینەوەیـەی سـاڵی2007–2008ئەنجامـدا لەگـەڵ لاوانـی کـەس و کـار ئەنفالـدا و لـە پرسـیارێکدا کـە ئایا:"ترسـی دووبارەبونەوەی هەمان ئەو ڕووداوانەت هەیە کە لە پرۆسـەکانی ئەنفالـدا ڕوویاندا". وەلامی لە 77،14٪بەچـەند ئاسـت و پلـەی جیـاواز بـە: بـەڵێ

بـــوو، ئامارەیـــان بـــەوەدابوو ئـــەو ترســـە لەناخیاندایـــە، لـــە کاتێکـــدا توێژینەوەکـەی ئێمـە لەگـەڵ لاوانـدا بـووە، نـەك گـەورە و بەتەمەنـەکان، توێژینەوەکەش لە دۆخێکدا بـووە ئـەو مەترسـییانەی ئێسـتە لـە ئارادان ئەو کات بۆ کورد کـەمتر بـەم شـێوەیەی ئێسـتا بـەدەر دەکـەوتن... خـۆ ئەگـەر ئێسـتە هـەمان پرسـیاری پێشـوو لـە راپرسـیەکدا نوێـدا دوبـارە بکەینەوە ئەگەری زۆر هەیە رێژەکە بەرزتر بوبێتەوە...

کاتیَ ئەو نیگەرانیانە دەڕەوێنەوە حکومەتی عێراقـی بگاتـە ئـەو ئاستەی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات وەك جێگـرەوەی حکومـەتی پێشـوو، ئامـادەیی قـەرەبوو دەربـڕێ و هاوکـار بێـت بـۆ ناسـاندنی وەك جینۆساید، تـێ بگـات لـەوەی حکومـەتی پێشـوش ئامـادەبوو ئـەم سـێ پارێزگایـەی ئێسـتای هـەرێم وەك کوردسـتان بناسـێنێ، ئـەم حکومەتـە ئامـــادەیی دەربـــڕێ زیـــاتر ببەخشـــێ یـــان تـــەواتر بڵـــێن مافـــەکانی سروشـــتیەکانمان بـــەڕەوا ببیـــنن و ئامادەییـــان هـــەبێ ئـــەو هـــەموو قوربانییانەی گەلی کورد بەهەند وەرگرن!!!

خوێندنەوەی عەقڵی عەرەبی لە عێراقدا بـە شـیعە و سـوننەوە و بە نەتەوەیی و ئیسـلامییەوە، ئـەوەمان پـێ دەڵـێن کـە ئێمـە هێشـتا لـە هزری ئەواندا هاولاتیی پلە یەك نین یان لانی کەم هەموو مافێك بـۆ ئێمـە بەڕەوا نابینن بۆ نمونە مـافی سـەربەخۆیی، ئەگـەر ئـەوان رازی نـەبن یـان قەناعەتیان بـەوە نـەبێت ئێمـەش ئـەو مافـەمان هەیـە، ئـەوا هـەر رۆژێـك

داوای ئەو مافە بکەین یاخود بڕیاری لەو شێوەیە بدەین ئەوا مەترسی جینۆساید یەکێکە لە ئەگەرەکان ئەگەر لە سنورێکی بەرتەسك تریشدا بێت...

ئێمە وەك کورد کات و کارتی زۆرمان لەدەست داوە، زۆر شتمان کردوەتە قوربانی بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی، دۆخەکە گەیشتوەتە ئەوەی ترسی ئەوە لە ئارادایە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا مەترسی لەسەر ئایندەی ئێمە زیاتر بێت، چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانمان ئاڵۆزتر بێت، هەموو ئەمانەش مەترسی دوبارەبونەوەی روداوەکانی رابردوو لە فۆرمی تردا یان لە هەمان فۆرم بەڵام لەسنورێکی بەرتەسکتردا بێتە ئاراوە، ئەمە ئەگەر نەکەوینە بەر غەزەبی فەتوای ئەم موجتەهید و ئەو ئایەتولاَ کە هیچ دوور نییە لەعێراقدا سەر هەڵ بدا و جیهادی موقەدەسمان لە دژ راگەیەنن، چونکە زۆرێك لە فەرمان ڕەوا و مەزهەبییەکانی ئێستای عێراق لە ژێر سایە و سێبەری مێژوودا فەرمان ڕەوایەتی دەکەن و لە هزریی خۆیاندا درێژە بە جەنگ و ناکۆکییە مێژووییەکانی سەرەتاکان دەدەن و ئێستا دەبەنەوە بۆ نێو مێژوو، لە جیاتی ئەوەی سود لە تەساموحی ئیسلام و بزاوت و مافخوازیی و ئازادیخوازییەکانی سەردەم بەهەند وەرگرن.

خەمخۆرانی ئەم گەلە دەبێ زۆر ستراتیژییانە بیر لە داهاتوی ئەم نەتەوەیە بکەنەوە، دەبێت خواستی سەربەخۆیی و خەون و خولیای

گەورەیان هـەبێ، بتـوانن بەسـەرکەوتوانە لـەم عێراقـە جەنجاڵـەدا درێـژە بـەململانێکان بـدەن. خواسـت و حـەزە حیزبییـەکان تێپـەڕێنن و وەکـو سـەرۆك و خـەمخۆری ڕاسـتەقینەی گـەلێکی چەوسـاوە و سـتەم دیـدە ڕەفتار بکەن کە هەردەم چاوی لە داهـاتووە، چـاوی لـە بـون و کیـانێکی سەربەخۆیە ، بـونێکی پـڕ ڕێـزو شـەرەف مەنـدی ، پـڕ مـاف و ئـازادی ، پـڕداد و نـان و خۆشـگوزەرانی... ئـاخر چ ئومێـدێك بەئـەم سـەرکردانە هەیە کەچـاوی خـۆی کوێر دەکـا بـەوەی رەخنـەگر و رۆژنامەنوسـەکانی دەکوژێ!!! ئەو ئاوێنانە دەشـکێنێ کـە نـەنگی و ناشـیرینێکانی خـۆیی نیشـان دەدات!!! خێـر و بێـری ئـەم ولاٌتـە و دەبەخشـێتە کەمینـە و دەستەیەك و زۆرینەیەکیش وەکو بیانی و بـێ بـەش وغـەوارە مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکرێ ... بگرە دەرفەت بۆ بیانییـەکان و بـەتالاٌنکردنی زەوی و زاری ئەم خاکە لەژێر زۆر نـاوی جیـاوازدا بووەتـە نـەریتێکی بـەردەوام و بەپاسـاوی بـێ جـێ رەوایـەتی پـێ دەدرێ... ئەگـەر خۆدانەچـینەوە و سـتراتیژیەکانمان نـەگۆڕین کـارکردنی جیـدی بـۆ داهـاتوی نەتەوەکـەمان دەبێتـە خـەونێکی بـەدی نـەهاتوو! دەبینـە ژمارەیـەکی ئەژمارنـەکراو لەعێراقـدا کـە هەمیشـە هەسـت و خولیـای جینۆسـاید و چەوسـاندنەوە ئامادەگیی هەیە تیایدا.

پ4: جیاوازی لەنێوان روناکبیرو سیاسیەتمەدارانی کورد لەخوێندنەوەدا بۆ ئەنفال لەچی دایە؟ ئایا کورد بەدەر لەهەموو جیاوازییەکان پێویستی بەکۆ دەنگی نییە بۆ ئەنفال‌و کەشفکردنی رەهەندو دەرئەنجامەکانی؟

بێگومان پێویستیمان بە کۆدەنگی هەیە، بەلاَم ئەو کۆدەنگیە ئالیەت و کاری فرە ڕەهەندی دەوێت، کارەساتی ئەنفال ڕووداوێکی ئەوەندە سوك و سانا نییە تەنها لە ڕوویەکەوە بخوێنرێتەوە یا لە چەند رەهەندێکی دیارییکراوەوە بخرێتە روو، یاخود کارکردن تیایدا سنوردار بێت... کارەساتی ئەنفال پێویستە لە چەندین رەهەندی جیاواز و جۆراوجۆرەوە بخوێنرێتەوە و لە چەندین کەناڵی فرەوەکاری بۆ بکرێت.

دەکرێ هەندێ(بەتایبەت کەسایەتیە یاسایی و سیاسی و رۆشنبیر) ەکانمان سەرقاڵیی خستنەڕووی ئەو دۆزە بن لە بوارە سیاسیەکەیدا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بیناسێنن، تا دەگاتە ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەکو جینۆساید بناسێنرێت... ئەمەش بە گرتنەبەری چەندین هەنگاو و هەوڵی جۆربەجۆری فرە رەهەندی بەرنامە بۆ رێژراو و پرۆژەی پشتگیری کراو کە دەخوازرێت بەڵکو پێویستە هاریکارییەکی گەورەی حکومەتی هەرێمی لەپشتەوە بێت، بەو پێیەی دۆزی نەتەوەیەکە و دەرەنجامەکانیشی گرێدراوی ئایندە و داهاتووی ئەو گەلەیە. لێرەدا هەوڵی روناکبیر و سیاسییەکانمان ئەگەرچی جیاوازی تێدا بێت بەلاَم تەواوکار دەبێت.

**سیاسـەتەداران بەتایبـەت ئەوانـەی جڵـەوی دەسـەڵاتیان لەدەسـتدایە دەتوانن زۆرشت بکەن بۆ ئـەم دۆزە و کەسوکار و قوربانییـەکان ، بـەڵام دەبێت ئەوانیش ئەوە لەبیری خۆیان دەرکەن خێر بەبەشێکی لێقـەوماوی ئەم گەلە دەکەن و سوالّ و سـەدەقەیان پـێ دەدەن!!! بـەڵکو دەبێـت خۆیـان بـە بـەرپرس بـزانن و خۆیـان لـە ئاسـت و ئـەرکێکی نەتـەوەیی و دادخوازیی و سیاسی گەورەدا ببیننەوە و کاری جیـدی بـۆ بکـەن. کـاری روناکبیر و توێژەرەکانیشمان شتێکی لەوان کـەمتر نییـە ئەگـەر گـەورەتر نـەبێت، کـوان ئـەو کەڵـە نوسـەر و توێـژەر و روناکبیرانـە توانیویانـە زۆر بەبەشـی ئـەم جینۆسـایدە بگەیەننـە ئاسـتێکی فـراوانتری جیهـانی؟! بەزمانەکانی تر!! بـە چـیرۆك و رۆمـان و توێژینـەوە؟! نـاڵێم نـین بـەڵام دەگمەن و لاوازە و دەنگۆی گـەورەی ئـەو کارانـەمان زۆر نەبیسـتووە؟! کوا ئەو فیلمـە سـینەماییە گەورانـەی مرۆڤایـەتی بهـەژێنێ؟! .... دیـارە هەمومان بەرپرسیارین بەڵام هەرکەسەی بەپێی بەرسـیارێتی و تواناکـانی خۆی ...**

پ5: ئـەنفال جیـا لـەبێ سـەرو شـوێن کردنــی 182 هـەزار مـرۆڤ و سـوتاندنو خـاپووركردنی 4500 هـەزار گونـدو سـوتاندنی رەزو بـاخو بـەتالانبردنی سـەرەوەتو سـامانی دانشـتوانی شـوێنە ئـەنفال کراوەکـان، کۆمەڵێ نەخۆشی جۆراو جۆری بەدوای خۆیداهێناو بەردەوامیش درێژەی ان هەیـــــــە، ئایـــــــا ئـــــــەم حاڵەتـــــــە کـــــــە لایــەنی ئــابووریو کۆمەڵایــەتیو دەروونـــی بەخەســتی دەگرێتــەوە، لەکوێی گوتاری ئەنفالکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە خۆی دەبینێتەوە؟

ئەوانــە دەرەنجــامی پرۆســەکەن، جۆرەکــانی جینۆســایدن، پرۆســەیەکی بەعســی بــون بــۆ سـڕینەوەی ناسـنامەی گـەلێك، دەبێـت بەردەوام خوێندنەوەیان بۆ بکرێت بگرە دەبێـت وەك خـۆی بخرێتـە روو، چونکە ئێمـە نـەمان توانیـوە تەنانـەت وەك ئـەوەی هـەبووە بیناسـێنین، کوا ئەرشیفی ناوازە و پێشکەتوی وێنەیی هەر گوندێك لەگـەڵ کورتەیـەك لە ژیاننامەی قوربانییەکان، لەشێوەی سـەدان کتێبـدا، کـوا تۆمـارکردنی زۆرینەی ئەو بەسەرهاتانە لە دوو توێی دەیان کتێبدا ، کوا دەیان فیلمـی سینەمایی و دیکۆمێنتاری لە ئاستی جیهانیدا ... ئەو هەموو قوربانیانـە، ئەو هەموو زیانانە ئێمە دوای نزیکەی بیست ساڵ توانیمـان ئامـارێکی بـۆ بکـەین، بەشــی زۆری ئــەوەیتر هــەوڵی تاکەکەســی بــوو، یــان کــاری رێکخراوی بیانیی بون نـەك هـەوڵی جیـدی خۆمـان ، ئێسـتەش کـارە زۆر جیدییەکان کەمتر بەرهەمی ناوەوەی هەرێمی کوردستانن ...

پ6: چی بکەین بۆ ئەوەی ئەنفال بکەینە مەسەلەیەکی میللی؟

زۆرکــار هەیــە دەکــرێ بکــرێن، لــەپێش هەمویــەوە هەســتکردن بەگەورەیی کارەسات و مەرگەساتە مرۆییەکە وەکو ئەوەی هەیـە، وەکـو جینۆســایدێك، وەکــو هــەوڵ و پرۆســەی ســڕینەوە و قڕکردنــی گــەلێك ، هێشتنەوەی بەزیندویی لـە یـادەوەریی تاکـەکانی گـەلی کـورددا، گرنگـی پێـدانی لـە بەرنامـە و پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا، لـە لایـەکی تـرەوە و بـۆ هـەمان مەبەسـت دەکـرێ لـە سـەر ئاسـتی نـاوخۆ کـاریتری زۆر بکـەین

هاوشێوەی تۆمارکردنی روداوەکان و بە زیندویی هێشتنەوەیان، ئەمەش بەچەندین شێوە و شێواز دەکرێت وەك:

1. تۆمارکردنی وێنە و دیمەنەکانی ئەو کارەساتە بە ورد و درشتییەوە لە زمانی خۆیانەوە، لە رێی چاوپێکەوتنی دەنگی و ڤیدیۆیی و نوسینەوە. کە دەکرێ هەندێ لاوی خەمخۆری رۆژنامەنوس و رۆشنبیر بەم کارە هەستن و دام و دەزگا و کەسایەتی تر پشتیوانی و رێنماییان کات.

2. لەئاستی کاریگەرییە دەرونی و کۆمەلآیەتی و ئابوریەکەشدا دەکرێ دەیان توێژینەوەی زۆرگرنگ و مەیدانی ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر لە قەبارەی کارەساتە بگەین و بە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی ئاشنابین، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود ببینرێ لە هەموو ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دەدرێ هەر لە نامەی دکتۆراوە تا توێژینەوەی دەرچوانی زانکۆ و هەر هەولێکی تری هاوشێوە...سەبارەت بەم دوو خاڵە هەندێ شتی کەم کراون بەلآم بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی خواستراوو پێویستدا نین.

3. هەنگاوی جیدیتر بنرێ بۆ بەدیکۆمێنت کردنی ئەو کارەساتە بەشێوازێکی زۆر بەرفراوان و زانستی...
4. برەودان بە بنیاتنانی مۆنۆمێنت و گرنگی دان بەو مۆنومێنتەی کە دەستی پێ کراوە لە چەمچەماڵ و شوێنانی ترو دەوڵەمەندکردنی بەو کەرەستە و بابەت و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی خزمەت بە ناساندنی ئەنفال دەکەن لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.
5. ئەنجام دان و دەرکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری و بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریی تر بۆ ناساندنی دۆزەکە بە جیهان و ناوەندە جۆراوجۆرەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان... لەگەڵ چەندین کاری جۆراوجۆری تر .

لەسەر ئاستی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانیش دەکرێ زۆرشت بکرێت ، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی خزمەتی ئەو دۆزە و بەمیللی و نەتەوەیی کردنیەوە:

1. توێژینەوەی دەرونی و کۆمەلایەتی جۆراوجۆر و بونی نەخۆشخانەی دەرونی و گرنگی پێدانی ئەم بوارانە.

2. زیادکردنی موچەی کەس و کاریان و حساب کردنی تایبەت و زیاتر بۆ ئەوانەی زیاد لەکەسێکیان قوربانییە، گرنگی دانی تایبەت بەلاوانی کەسوکار ئەنفال.
3. رەخساندنی بارێکی گونجاوو خۆشگوزەران لە و دەڤەر و ناوچانەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.
4. ئاوەدانکردنەوەی گوندو لادێیەکان و یارمەتی دانی بێ بەرامبەر بۆ کردنی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالآت... ئەمە پێداویستییەکە بۆ هەموو لادێیەکانی کوردستان رەوا و مافە و جۆرێکە لە ئەمەکداری و نیشتمان پەروەری. پێم باشە پێش ئاوەدان کردنەوە هەموو ئەو گوندانەی تاوەکو ئێستە ئاوەدان نەکراوەتەوە وێنەی تەواوی کەلاوە روخاوەکانی گوندەکە بەڤیدیۆ و لێدوانی خەڵکی گوند تۆماربکرێ بۆ ئەوەی لەداهاتودا سودی لێ ببینرێت،
5. هاریکاری کردنی زیاتری گەنج و لاوەکانی کەس و کار ئەنفال و پێدانی دەرفەتی باشتر تاوەکو جۆرێك بێ لە قەرەبوو بۆ رابردووی پڕ لە زەحمەت و چەرمەسەریی و چەندین شتی تر لەم بارەیەوە.

دیارە بەشێك لەوانە کاری بۆ کراوە و هەنگاوی بۆ نراوە ، بەلآم کەم و کورتن و لە ئاستی چاوەڕوانی و تواناکانماندا نین... لە ڕابردوودا

**کەمتەرخەمی زۆر و ستەمی گەورە بەرامبەر ئەم دۆزە و کەس وکاری ئەنفالکراوەکان کراوە... هیوادارم بە پرۆژەی باش و خزمەتی زۆر ئەو تاوان و ستەمکاریی و کەمتەرخەمیانەمان بشۆینەوە.**

پ7: هەڵوێستی ڕێکخراوە ئیسلامی و حکومەتە عەرەبییەکان چۆن لێکدەدەیتەوە تایبەت بەئەنفال؟

**ڕاستییەك هەیە پێویستە لەیادماندا بێت، ئەویش بریتیە لەوەی ئەم پرۆسەیە و چۆنێتی ئەنجام دانی بۆ جیهانی دەرەوە پەنهان و نادیاربوو، چاوی ڕاگەیاندنی لەسەر نەبوو، لە نزیکی کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران عێراقدابوو، ئەو جینۆسایدەش لەوانەیە بۆ ئەوانەی شارەزای دۆخەکە نەبون وەك درێژکراوەی ئەو جەنگە هاتبێتە پێش چاو ، تەنانەت لەشارێك بۆ شارێکی دی هەموو زانیارییەك زۆر ڕون و ئاشکرا نەبون و هەست پێکردنی جەماوەرییانەی خەڵکی ناوخۆش لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئیتر بەهۆی ترسەوە بوبێت یاخود نەبونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، چ جای دەرەوە...**

**ئەوەی زیاتر لەناو ڕووداوەکاندا بوو، قوربانییەکان و کەس وکارەکانیان بوو، بەڵام بەپێی هەندێ زانیاری کە نوسەرە بیانییەکان ئاماژەیان پێی داوە دەزگای هەواڵگریی وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکا ئاگاداری جوڵە و هێرشەکانی ڕژێم بووە و بێ دەنگی هەڵبژاردووە.**

بێگومان حکومەت و رژێمە عەرەبییەکانیش هاوکار و پشتیوانی رژێمی بەعس بون، بەڵام ئایا ئەوان بەتەواوی لە نیازی بەعس و جینۆسایدەکە گەیشتبون ، ئەوا من زانیارییەکی لەو شێوەیەم لانیە، بەلاّم بێگومان لە پشتیوانی کردنیان لەبەعس و سەرکوت کردن و لەناوبردنی گەلی کورد، ئەگەر بشیانزانیایە جینۆسایدیشە دڵنیام زۆربەیان پشتگیرییان دەکرد، چونکە ئەو سیستەمە تۆتالیتار و ستەمکار و دیکتاتۆرانە هەر ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرێ... ئەوان بەزەییان بەگەلی خۆیاندا هاتوەتەوە تا لەبیری گەلانیتر و مافەکانیاندا بن! !

وابزانم رووی راستەقینەی ئەوان دیار و ئاشکرایە و پێویست ناکات قسەی لەسەر کەین و چاوەڕێی پشتگیری و داکۆکی ئەوان بین ... تەنانەت ولاّتە بەناو دیموکراسی خوازەکانیش لەروانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دۆزی کورددا کردووە چ جای ولاّتگەلێکی سەربازی و ستەمکاری هاوشێوەی ولاّتە عەرەبییەکان.

سەبارەت بەکەسایەتی و رێکخراوە ئیسلامییەکانیش ئەوا پێویستە بڵێم ئەوان وەکو ئۆپۆزسیۆن و نەیاری دەوڵەتەکانیان بونیان هەبوە و فەرمانڕەوا و خاوەن دەسەلاّت نەبوون تاوەکو ئەو چاوەڕوانیەیان لێ بکەین.

بـەپێی زانیـاری مـن ئـەوان لـەو چـەند سـاڵەدا زیـاتر زانیارییـان سەبارەت بە هەڵەبجـە و سـتەمکارییەکانی تـری بـەعس هـەبوە بەرامبـەر بەکورد بەدەر لە جینۆسایدی ئەنفال، من وا دەزانم ئێستەشی پێوە بێـت پێویستە زیـاتر جینۆسـایدی ئـەنفالیان پـێ بناسـێنین، چـونکە وادەبیـنم هێشتا بەپێی پێویست ئاشنای نین، هۆکارەکـەی هەرچـی بێـت بەشـێکی زۆری کەمتەرخــەمی خۆمانــە... مــن لــەکۆنگرەی یەکــەمی بــەجیهان ناســاندنی جینۆســایدی گــەلی کــورددا بەشــداریم کــرد، جگــە لەچــەند عەرەبێکی عێراقی ناسـراو یـەك زانـای ئیسـلامی یـا توێـژەر و بیریـارێکی جیهـانی عـەرەبی و ئیسـلامیم تێـدا نـەبینی... زیـاتر هـەر ئەوروپییـەکان بون ... لەکۆنگرەکانی تریشدا هەر وابوە ... ئەمەش پێمـان دەڵـێ ئێمـە خۆمان ویستمان نییە جینۆساید و مەرگەساتەکانی خۆمان بـەرێکخراو و کەســایەتییە ئیســلامییەکان بناســێنین یــان کەمتەرخــەمین و هەســت بەگرنگیەکەی ناکەین ...

ئــەم وتانــەم بــۆ داکــۆکی نییــە لەئیســلامیەکان ، ئــەزانم هەڵوێستەکانی ئـەوان دەبـوو رون و ئاشـکراتر و بـەهێز تربێـت... ئـەوان ســەبارەت بەهەڵەبجــە و ســتەمکارییەکانی بــەعس ســەبارەت بــەکورد، هەڵوێست و هاوسۆزییان بوە و من وتەی چەندین کەسایەتی و بیرمەنـدی وەکو یوسف قەرزاوی و فەهمی شناوی و کەمال هەلباوی وعبداللە بن بـاز و محمـد مـەجزوب و فـەهمی هوەیـدی و نەجمـەدین ئەربـەکان و قـازی

حوسـێنی پاکسـتانی و بورهانـەدین رەبـانی ئـەفغانی و عیسـام عـەتاری سـوری و راشیدغەنوشـی و زەینـەب غـەزالی و موتـەوەلی موسـا و جگـە لەوانیشـم لایـە کەبـەناوی خۆیـان یـان رێکخراوەکەیانـەوە هاوسـۆزی بـۆ گـەلی کـورد دەردەبڕن(دەکـرێ بـۆ تـەواوی قسـەکانیان سـەیری کتـێبی: هەڵوێستی ئیسلامیەکانی جیهان لەمەڕ کورد و مەرگەساتەکانی بکرێـت)، کە هەریەکەیان بەشێوازی خۆی هەڵوێست و هاوسۆزی دەردەبڕێ.

بەڵام ئەوەی وتراوە بەسـە و لـە ئاسـتی پێویسـتدایە؟ لەوەڵامـدا ێژم نەخێر... دەڵێم پێویستە بۆ لەمەولا کاری باشـتر بکـەین و کـۆنگرەی تایبەت لە وڵاتـانی ئیسـلامی و عەرەبیـدا بـۆ ئـەو مەبەسـتە گـرێ دەیـن، بەتایبـەت هەنوکـە کێرڤـی جـەماوەریی ئیسـلامییەکان لەهەڵکشـاندایە و هەندێکیشیان گەیشتونەتە دەسەڵات.

## ئەنفال و كاری فرە رەهەند و جۆراوجۆر

2012-3-15

كارەساتی ئەنفال رووداوێكی ئەوەندە سوك و سانا نییە تەنها لە ڕوویەكەوە بخوێنرێتەوە یا لە چەند رەهەندێكی دیارییكراوەوە بخرێتە روو، یاخود كاركردن تیایدا سنوردار بێت... كارەساتی ئەنفال پێویستە لە چەندین رەهەندی جیاواز و جۆراوجۆرەوە بخوێنرێتەوە و لە چەندین كەناڵی فرەوە كاری بۆ بكرێت.

دەكرێ هەندێ(بەتایبەت یاسایی و سیاسی و رۆشنبیر) هكانمان سەرقاڵیی خستنەڕووی ئەو دۆزە بن لە بوارە سیاسیەكەیدا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بیناسێنن، تا دەگاتە ئەوەی لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا وەكو جینۆساید بناسێنرێت... ئەمەش بە گرتنەبەری چەندین هەنگاو و هەوڵی جۆربەجۆری فرە رەهەندی بەرنامە بۆ رێژراوو و پرۆژەی پشتگیری كراو دەبێت كە دەخوازرێت بەڵكو پێویستە هاریكارییەكی گەورەی حكومەتی هەرێمی لەپشتەوە بێت، بەو پێیەی دۆزی نەتەوەیەكە و دەرەنجامەكانیشی گرێدراوی ئایندە و داهاتووی ئەو گەلەیە.

لە لایەكی ترەوە و لە سەر ئاستی ناوخۆ دەبێت ئەو رووداوە تۆمار بكەین و وێنەكانی بە زیندووی بهێڵینەوە، ئەمەش بەچەندین شێوە و شێواز دەكرێت وەك:

- تۆمارکردنی وێنە و دیمەنەکانی ئەو کارەساتە بە ورد و درشتییەوە لە زمانی خۆیانەوە، لە رێی چاوپێکەوتنی دەنگی و ڤیدیۆیی و نوسینەوە. کە دەکرێ هەندێ لاوی خەمخۆری رۆژنامەنوس و رۆشنبیر بەم کارە هەستن و دام و دەزگا و کەسایەتی تر پشتیوانی و رێنماییان کات.
- لەئاستی کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەشدا دەکرێ دەیان توێژینەوەی زۆرگرنگ و مەیدانی ... ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر لە قەبارەی کارەساتە بگەین وبە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی ئاشنابین، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود ببینرێ لە هەموو ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دەدرێ هەر لە نامەی دکتۆراوە تا توێژینەوەی دەرچوانی زانکۆ و هەر هەوڵێکی تری هاوشێوە...سەبارەت بەم دوو خاڵە هەندێ شتی کەم کراون بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە ئاستدا نین.
- هەنگاوی جیدیتر بنرێ بۆ بەدکیۆمێنت کردنی ئەو کارەساتە و بەشێوازێکی زۆر بەرفراوان و زانستی...
- برەودان بە بنیاتنانی مۆنۆمێنت و گرنگی دان بەو مۆنومێنتەی کە دەستی پێ کراوە لە چەمچەماڵ و دەوڵەمەندکردنی بەو کەرەستە و بابەت و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی خزمەت بە ناساندنی ئەنفال دەکەن لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

- ئــەنجام دان و دەرکردنــی فیلمــی دیکۆمێنتــاری و بەرهــەمی جۆراوجــۆریی هونــەریی تــر بــۆ ناســاندنی دۆزە بــە جیهــان و ناوەنــدە جۆراوجــۆرە و وەرگێڕانیــان بــۆ زمانــە زینــدووەکانی جیهان... لەگەڵ چەندین کاری جۆراوجۆری تر .

لەسەر ئاستی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانیش دەکرێ زۆرشت بکرێت:

1- توێژینــەوەی دەرونــی و کۆمەلایــەتی جۆراوجــۆر و بــونی نەخۆشخانەی دەرونی.
2- زیادکردنی موچەی کەس و کاریان و حساب کردنی تایبەت و زیاتر بۆ ئەوانەی زیاد لەکەسێکیان قوربانییە.
3- رەخساندنی بارێکی گونجاوو خۆشگوزەران لە و دەڤەر و ناوچانەدا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.
4- ئاوەدانکردنــەوەی گونــدو لادێیــەکان و یارمــەتی دانــی بــێ بەرامبەر بۆ کردنی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات... ئەمە پێداویستییەکە بۆ هەموو لادێیەکانی کوردستان رەوا و مافە و جۆرێکە لە ئەمەکداری و نیشتمان پەروەری.
5- هاریکــاری کردنــی زیــاتری گــەنج و لاوەکــانی کــەس و کــار ئــەنفال و پێــدانی دەرفــەتی باشــتر تــاوەکو جۆرێــک بــێ لــە

قەرەبوو بۆ رابردووی پڕ لـە زەحمـەت و چـەرمەن سـەریی..
وە چەندین شتی تر لەم بارەیەوە.

دیارە بەشێك لەوانە كاری بۆ كراوە و هەنگاوی بۆ نـراوە و بـەڵام كەم و كورتن و لە ئاستی چاوەڕوانی و تواناكانماندا نین... لـە ڕابـردوودا كەتەرخـەمی زۆر و سـتەمی گـەورە بەرامبـەر ئـەم دۆزە و كـەس وكـاری ئەنفالكراوەكان كراوە... هیوادارم بە پـرۆژەی بـاش و خزمـەتی زۆر ئـەو تاوانان و ستەمكارییانەمان بشۆینەوە.

## لاوانی کەسوکارئەنفال

## ڕابردویەکی پڕچەرمەسەری وئایندەیەکی ......؟!

## 2008

کـــارکردن لەســـەردۆزی ئـــەنفال وئـــەنفالکراوەکان کارکردنێکـــە دەبێـــت فـــرەرە ڕەهەنـــد وجۆراوجۆربێـــت و چـــەندین دەزگاوکۆمەڵـــە وڕیکخراولەئاستی جۆراوجۆردا کاری لەسەربکەن.

لەدوای ڕاپەڕینەوە تـاوەکو ئێسـتە زۆرکارهـەبون دەبـو بکرانایـە بـۆدۆزی ئـەنفال وئـەنفالکراوەکان وکەسـوکاریان بـەلاّم نـەکران ، بـۆ؟ لەبەرچەندین هۆ، کەنامەوێ لەسـەریان بدوێم...ئـەوەی مەبەسـتمە لێـردا تیشـکێکی بخەمـە سـەر لاوانـی کەسـوکارئەنفالە، ئەوانـەی تەمـەنی منـداڵییان بەچەرمەسـەریی ونەهامـەتیی بردەسـەر(کە دواتـر ئەمـە ڕوون دەکەمەوە) و ئێستاش زۆرینەیان لەبارێکی نائاساییدا ژیان دەگـوزەرێنن و ژیانیان پڕە لە نائومێدی وئومێدبەوەی کەداخۆ دەبێ ئایندەی ژیانیـان ڕوولەکوێ بێ وئاستەنگەکانی ڕێیان چۆن تێپە ڕێنن، ئـەم ووتانـەم بـۆبێ هیـواکردن و وەڕسـکردن نییـە، بـەلاّم سـەرنجدان و ژیـانم لەگـەڵ ئـەم توێـژەدا ئـەوەم پـێ دەڵـێن، هیـوادارم سـەرەنجامی ئەوتوێژینـەوە ئەکادیمییەی بەدەستمەوەیە و بەرەوکۆتایی دەچێت شتێکی تـری جیـا لەمـــەمان پـــێ بڵـــێ ودەرەنجـــامی پێچـــەوانەی ئـــەم بۆچـــونەم

بدابەدەستەوە(پاش ئەنجام دانی نامەی ماستەرەکەشم لە کۆتایی 2008هەمان راستیم بۆ سەلما).

پێش ئەوەی باس لەلاوانی کەسوکار ئەنفالکراوبکەم ، پێم باشە ئەوەبلێم کە لاوانی تری کۆمەڵگەکەم لەڕووی باری دەروونی وکۆمەلأیەتیەوە خاڵی هاوبەشیان زۆرە لەگەڵ لاوانی کەسوکار ئەنفال لەبەرنزیکی و هاوبەشی چەندین خاڵی پەیوەست بەو ژینگەیەی هەردوولا تیایدا دەژین....

لاوانی ئێستەی کەسوکاریی ئەنفالکراوەکان ، مندالأنی سی ودووساڵ پێش ئێستەن(ئەگەر ئەوڕایە وەرگرین کەلاوێتی دەگەیەنێتە سی ساڵ )، هەرچەندە لە ورووەوە جیاوازیی بیروڕای زۆرهەیە و بۆ تەمەنێکی زۆر زیاترلەوەش لای هەندێ درێژدەکرێتەوە، ئەمەش بەو پێیەی ئەوانە لەوکاتەدا تەمەنیان دوانزە سالأن بووە کە دەکاتە کۆتایی تەمەنی منداڵی بەپێی هەندێ پۆلێن. بچوکترین تەمەنێکیش ئەومندالأنەن کەپاش باوکیان لەدایك بوون و ئێستا لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدان کەدەکاتە سەرەتای تەمەنی لاوێتی.

بگەڕێمەوە بۆ ئەوچەرمەسەریی ونەهامەتییانەی لاوانی کەسوکار ئەنفال تیایدا ژیاون، کەلانی کەم منداڵانی تازە لەدایك بوی کاتی پرۆسەی ئەنفال و پاش بابەکانی کەسوکاریی ئەنفالکراوەکان هەموو تەمەنی منداڵیی خۆیان بەم شێوەیە بەسەربردووە کە دەکاتە

تەمـەنی(1–12یـان13سـاڵی) و هـەموو منـدالآنی 12سـالآنی ئـەوکاتی کەسوکارئەنفال هەموو تەمەنی لاویی خۆیـان لـە نێـو ئـەو چەرمەسـەریی ونەهامەتییانەدا گوزەراندوە کە دەکاتە تەمەنی(12–30ساڵیی).

لاوانـی ئێسـتای کەسـوکارئەنفال ومنـدالآنی ئەوسـای سـەردەمی پرۆسـەکانی ئـەنفال ودوای پرۆسـەکان، تەمـەنی منـداڵییان بەهـەژاری ونەبونی ودەست کورتی ولانەوازیی وبـێ جێگەوڕێگـەیی و بێبـەش بـوون لە سەرەتایترین ماف و سـەرەتایترین پێداویسـتیەکانی ژیـان بەسـەربرد، ئـەوان دووربـون لەسـۆز و لـەبارێکی نالـەباریی دەروونـی وکۆمەڵایـەتی وئـابووری و بگرەسیاسیشـدا ژیانیـان گوزەرانـد، لاوێتیشـیان سـەرەڕای ئـەوەی ڕابـورد، (بـەدەر لـە سـێ سـاڵی پـێش ڕاپـەڕینیش) بـەبارێکی زۆرنائاساییدا تێپەڕی، جگە لـەدوو ئابلۆوقـەی ئـابووری شـەڕی نـاوخۆی ئـەوکات ئەوەنـدەی تـر بـۆ ئـەوان لەچـەندین ڕووەوە بـارگرانی وکۆسـت کـەوتوویی وچەرمەسـەریی چـەند قـات کـردەوە، منـداڵی ئـەوان تـاڵیی وناخۆشـیی وبێبەشـبوون بـوو، منداڵییـەکی دوورلـە جیهـان ودونیـای مندالآن دوور لە لەعابە و یاریگـا و گەشـت و سـەیرانگا وئـاوات وئومێـدی جـوان و بـەرز، منـداڵی ئـەوان بـریتی بـوو لـە چـاوەڕوانیی، کرێکـاریی، دڵشـکان، کزۆڵیـی، گریـانی ژێـر لێفـە و کێشـە وگـرفتی کۆمەڵایـەتیی و چاولەدەستی خەڵك و خێرەومەندان، دۆز وکێشـەی ئـەوان زۆرجـار بـووە هۆی گیرفـان پڕکردنـی خـەڵکانێکی نابـەرپرس وهەلپەرسـت، قۆسـتنەوە

بۆمەبەستیی تریی جۆراوجۆرکە ئێرە جێی باسکردنی نییە، ئەمانە ودەیان گیروگرفت و ناسۆریی تر، ئادگار و تایبەتمەندی ژیانی ئەوان بوو مەگەرخۆیان بتوانن لێی بدوێن یان لێی تێبگەن، تاکارەکە گەیشتە ئەوەی ئەوان هەموو ژیانی منداڵیان بەو شێوەیە بگوزەرێنن و لاوێتیشی بنێنە سەر، لە پاش ئەو هەموو ناسۆریی ومەرگەساتە و بە هەدەر ڕۆیشتنی تەمەنی ڕێژەیەکی بەرچاویی لاوانی کەسوکارئەنفال، ئەبێ بپرسیین: ئایا لە نەخشەی حکومەتیی هەرێمی کوردستاندا چ پرۆژەیەك لەئارادایە بۆبریتی کردنەوەی بەشێك لەو تەمەنە بەسەرچووە؟ باشە ئەگەر ئەم لاوانە لەئێستادا کارێکی جیددییان بۆنەکرێت ئەبێ بە چ شتێك دڵیان خۆشبکرێت پاش ڕۆیشتنی تەمەنی زێڕینی لاوێتیان؟ بۆ ناکرێ پاش هەموو ئەو نەهامەتییانە شایستە بن هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتی ان پێ ببەخشرێت لەداهات و بەشی کوردستانێك کە ئەوان ئازیزترین کەسی خۆیانیان پێی بەخشیی کەدایك وباوك وخوشك وبرایە؟ ئایا کوردستان ئەوەندەداهاتی نییە کە بۆ هەر کوڕوکچێکی باوك یادایك ئەنفال بڕی 50گەلآببەخشێت بۆمەسروفاتی هاوسەرگیریی ئەولاوانە؟ بۆ لە کوردستاندا چەندقاتی ئەم بڕە نابەخشرێت بۆ هەندێ دەزگاوشوێنی تایبەت کە کردنەوەیان لە باردۆخی هەنوکەییماندا ئەولەوییەتی نییە؟ یاخود ئەوان شایستەیی یارمەتی دانێکی لەوشێوەیە نین؟ ئەمە تەنها

نمونەیـەك بـوو لەلایـەنێکی پێداویسـتییەکانی لاوان کـە چـەندین بـواریی هاوشێوەی ئەمە لەژیانیاندا بوونی هەیە.....

ئەی دەبێ ئێمە چەندە لەبیری ئەنجامدانی چەندین توێژینـەوەی زانســـتی دا بـــین بـــۆزانینی ڕادەی ئەوشـــوێنەوارە دەروونیـــی وکۆمەڵایەتییانـــەی لەبـــەرەنجامی ئـــەم پرۆســـەیەوە کەوتووەتـــەوە وتاهەنووکـەش شـوێنکاریان هەیـە ودەبێـت لەسـەرئەم لاوانـە و وەچـۆن نەخشـەی کەمکردنـەوەیان بکێشین؟چـۆن دەکـرێ بـارودۆخێکی لـەبار بڕەخســێنین تاکاریگەرییــە ســلبیەکان کــەم بکەینــەوە کــە دەکــرێ بۆچەندنەوەیەك شۆڕببێتەوە.....

وەچۆن بتوانیین هیوا و ئومێد بەداهاتوویەکی پرشـنگدار بکەینـە هەوێنی ژیانی ئەوان و متمانە بەداهاتوو بەهێز وپتەوتر کەین؟؟

هــەموو ئەمانــە پــلان وبەدواداچـون وجدییــەت وجێبــەجێکردنی دەوێ کـە هیـوادارم کەمتەرخـەمیان لـێ نـەکرێت وخـەمخۆری بـۆ ئـەم بەشەی لاوانمان خەمێکی جدیی وڕاستەقینە بێت.

**لە یادی کارەساتی بەناو ئەنفالدا**

**وەفایەك بۆ چەند برایەکی ئەنفالکراوی تورکمان و عەرەب**

**(کاك بورهان و عیرفان و تۆرهانی ناسراو بە عبدالرحمن(کفری)**

**و کاك عبدالرحمنی ناسراو بە محمد و م.تارقی سەلمان بەگ)**

**ئازاد کەسێکە سۆز و خۆشەویستی چرکەیەکی لە بیر ناچێت**

**ئیمامی شافیعی**

کاتێك ڕژێمێکی ستەمکار و دیکتاتۆر بڕیاری ستەمکارییەکانی دەدات، لە ئاوا ساتێکدا ئەوەی مەبەستە جێ بەجێ بونی خواست و داخوازییەکانێتی، لەم پێناوەشدا هەرچییەکی بوێ دەیکات و کۆ لە هیچ ناکاتەوە...

لە عێراقی بەعسدا ئەوە تەنها ڕەگەزی کورد نەبو چەوسێنرایەوە و هەوڵی لەناوبردنی دەدرا، تەنها کورد و شیعەش نەبون کە چەوسێنرانەوە و لەناو بران، لە عێراقدا هەموولا چەوسێنرانەوە، ڕاستە پلە بەندی لە ئارادابوو، ستەمکارییەکان لەیەك ئاستدا نەبون، بەڵام زۆربەی خەڵکی عێراق بە جیاوازی بیروڕا و مەزهەب و زمان و

ئایینەوە پریشکی ئەو تاوانکارییانەی بەر کەوتبوو... بەلاّم بەشی ئێمە لە هەموو کەس زیاتر بوو.

یەك لە دیاردە و بەرەنجامەکانی ستەمکاری و مل هوڕییەکانی رژێم بریتی بوو لە هەڵهاتن لە سەربازی بەزۆر لە جەنگی عێراق-ئێراندا... لە بەرەنجامی ئەوەشدا سەدان کەس هەڵ دەهاتن بۆ لادێیەکانی کوردستان، لە نێویاندا عەرەب و تورکمانیش هەبون...

لەکاتی روخانی ناحییەکانی کوردستاندا باوکم بڕیاری دا بچینە دەشت و گوندەکان نەك بچینەوە ژێردەستی رژێم بۆ ئۆردوگاکان، لەو کاتەدا من لە پۆلی شەشی سەرەتایی بوم، هێشتاش کاتی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ نەهاتبوو، کە دواجار لەرێگەی قاچاخەوە(سەنگاو-چەمچەماڵ و قادرکرم-کەرکوك)ەوە توانیم تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی سەرەتایی ئەنجام بدەم لەچەمچەماڵ، بەو پێیەی زۆر خوازیار و خولیای خوێندن بوم.

پاش مانەوەمان لە دێی قادراوا و پاشان راکردنمان بۆ دێی کارێزەی دەلۆ بەهۆی هێرشی سەربازەکانی بەعسەوە، ئاشنا بوم بە چەند برایەکی بەڕێزو خۆشەویست کە بەڕەگەز تورکمان و عەرەب بون لە دێی پێنجەموس(ماڵی شێخ)... ئەم برایانە لەبەر نەکردنی خزمەتی سەربازیی هاتبونە لادێیەکانی کوردستان و پاش ئەوەی هەوڵیاندابوو

بچن بۆ ئێران و کارەکە سەری نەگرتبو و لە و دێیە نیشتەجێ ببون ، دێی پێنجەموس و ماڵی شێخ  ببوە مەئوا و جێگەی حەوانەوەیان .

لە تەکییەی شێخ موستەفا کە ئەو کاتە شێخ مەحمود ئیسماعیل سەرپەرشتی دەکرد و دایکە زوبێدەی خێزانی شێخ موستەفا مابوو–بەر رەحەتی خوا کەون– ئەوان ببونە کوڕی ئەو ماڵە ولەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی جۆرا و جۆریان پێشکەش دەکرد، رۆڵی مامۆستای ئایینی و مامۆستای مەکتەبیان دەبینی، منیش یەکێك بوم لەوانەی سودمەندبووم لێیان، رۆژانە نیو سەعاتێك رێگەم دەبڕی و دەهاتم دەرسم لای ئەو برایانە دەخوێند بەتایبەت کاك تۆرهان و کاك عبدالرحمن کە نازناوی تریان هەبوو... لای ئەوان بەشێکی زۆری ریاض الصالحین و زۆربەی بەرگی یەکەمی فقه السنةي سید سابقم خوێند، لێرەشدا نابێت ئەوەش لە بیر بکەم کە سودێکی زۆرم لە مامۆستا محمد ناوێك(کە کوردێکی خەڵکی دوزبوو) بینی کە ئەو کات لە کارێزە مامۆستای شۆرش بوو، توانیم کتێبی الأدب النبوي لە لا بخوێنم دواتریش ئەویش بەپێی هەندێ زانیاریم بەر شالآوەکانی ئەنفال کەوت...

من لەو تەمەنەمدا سودێکی زۆرم بینی لەو برایانەی کە هاتبونە ئەو گوندانە و خاوەنی پابەندییەکی ئایینی و خەلفییەتێکی ئیسلامیی(ئیخوانیی) بون ، زۆربەشیان لە کارەساتی ئەنفالدا تیا چون، لەوانیش :

1- بورهان حسین ئیبراهیم دەدە، لە دایکبوی ساڵی 1958 کفری، کاك بورهان شەشی ئامادەیی تەواو نەکردبوو، بەهۆی جوڵە و کاری ئیسلامییەوە 5ساڵ زیندانی کرابوو، لە حارسییەی بەغدادی ژمارە یەك، پاش ئازادکردنی پشت ئێشەیەکی بەردەودواتر بەناچاریی لە لێبوردنێکدا دەبرێتەوە بۆ سەربازیی و بەردەوام لەژێرچاودێرییەکی ورددا بووە و مەلەفی تایبەتی بۆ کراوەتەوە، لە سەربازییەکەیدا گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی(گرومەن)... بارودۆخی لەوێ زۆرخراپ بوو، بۆیە جارێکیتر بڕیاری هەڵهاتن دەدات....

2- عیرفان حسین ئیبراهیم دەدە لەدایکبوی ساڵی 1960 و برای کاك بورهان، کاك عیرفان ئامادەیی پیشەسازیی تەواوکردبوو لە کەرکوك، هەر پاش تەواوکردنی یەکسەر هەڵ دێ و سەربازیی ناکات و دەچێت بۆ دێی(دێ بنە). هەر دوو برا دووکوڕی باڵا بەرزی سورەی قۆزبون بەتایبەت مامۆستا بورهان، کە ئێستەش وێنەکانیان لە زیهنمدا زیندووە... زۆر بەڕێزو مولتەزیم و خەمخۆربون و کاك عیرفانیش رۆحێکی جیهادییانەی زیاتری هەبوو، ئەو رۆژەی کە هێرش کرایە سەر شاخی ئاژداخ و بەخۆی و چەکێکەوە لەگەڵ خەڵکی گونددا چونە شاخەکە...

ئـەم دوو برایـە خـەڵکی کفـری بـون و تـا ئێسـتاش ماڵیـان هـەر لەوێیە...

3- تۆرهـان تەڵعـەت عبـدالحکیم الونـداوی، لـە دایـك بـوی 1962 و دەرچوی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ، پـاش تـەواوکردنی خوێندن ئامادە نابێـت سـەربازیی بکـات و ئـەو کـارەی بەحـەرام زانیوە، ماوەیەك تراکتۆریشیان هەبووە و کاریان کـردووە، کـاك تۆرهان لەوێ نـاوی خـۆی نابوو(عبـدالرحمن)، لـەو ماوەیـەی لـە لادێیەکان بون سەرقاڵی کـاری ئیسـلامی و وتـارخوێنی بـوون لـە گوندەکانــدا، چــەندین کــەس بــەهۆی ئەوانــەوە ئیلتیزامیــان کردووە... من زۆر سودم لە زانسـت و ژیـری و لێزانـی ئـەم برایـە بینی، کـورێکی بچـوکی لاوازی رووح سـوك... مـاڵی بـاوکی کـاك تۆرهانە ئێستە لە بەغدایە بە پێی ئەو زانیارییانەی لای منە.

4- تـارق و محمـد کـە بەداخـەوە تـاوەکو ئێسـتا زانیـاریم لـە سـەر وەرنـەگرتوون، محمـد یـان لـە ئەسـڵدا نـاوی عبـدالرحمن بـووە کوردییەکـەی زۆر تـەواو نـەبوو(خۆی تورکمـان و وابـزانم بـەیاتی بوو)بەڵام بێ کێشە کاروباری خۆیی پـێ ئـەنجام دەدا، پیـاوێکی ئەسمـەری رووخـۆش بـوو ، بەشـێکی فقـە السـنە کـەمێ مـەیلی سـەلەفیەتی تێـدابوو بـە واتـا باوەکـەی، هـەردوکیان خـەڵکی

سەلمان بەگ بوون، کاك تارق کە 14 جوزئی قورئانی لەبەر بوو عەرەب بوو...

ئەوەی من زانیم کاك تارق گەیشتبووە چەمچەماڵ و لەماڵی حەکیم ئاغای هەمەوەند مابویەوە و پاشتر خزمەکانی بردبویانەوە بەلاّم دواتر رژێم ئیعدامی دەکات ، ئەوەشی بزانم خاوەنی کچێکی تاقانەیە.. پیاوێکی تاڕادەیەك ئەسمەری ژیر و ورد و پابەند بوو...

هەموو ئەوبرایانە لە پرۆسەی ئەنفالدا تیاچوون و سەرنگوم کران، من تەنها کاك بورهانم بینییەوە، لەگەڵ هەندێ کەسی تردا ئەگەر هەڵە نەبم لای فەوجەکەی شێخ موعتەسەم یان شێخ سوعادبون لە ماڵێك لە گەڕەکی ئێستای ماڵە شێخەکان بون و بەو نیازەی بییان پارێزن و بییان بەن بۆ رەبایە... بەلاّم دواتر تەسلیم بە رژێم کران و ئەویش وەکو ئەو دەیان هەزارەی تر بەرەو نەمان و چارەنوسێکی نادیار بران...

سەد رەحمەت لەگیانی پاکییان ، بەڕاستی مرۆڤ گەلێکی خاوەن بەها و ورە بەزی و لێوان لێو لە ڕاستگۆیی و خۆ نەویستی بون، لە یادەوەرییەکی وا کارەساتاویدا ئەوەی بەمن بکرێ تەنها نزای خێر و تۆمارکردنی ئەم چەند دێڕەیە وەك وەفا و ئەمەکێك بۆ ئەو مرۆڤە گەورە و خاوەن هەڵوێستانەی کەتاوەکو ئێستاش کەس و کاریان

**شتێکی وەها لە بارەی  ژیان و گوزەرانی ئاوەرەیی و پاشان تیاچونیان نازانن...**

**لەیادی ئەنفال دا، پەیامیك بۆ خۆپیشاندەران و تکایەك لە دەسەلآت!!!**

2011-4-14

ئامادەبوانی بەڕێزی گۆرەپانی شەهید گەرمیان:

سەرەتا سلاَوی خوای گەورەتان ئاراستە بێت

بەڕێزان: ئەمڕۆ لێرەدا، یادی 23 ساڵەی کارەساتی جینۆسایدی بەناو ئەنفال دەکەینەوە، کارەسات و تاوانێك کەمایەی شەرمەزارییە بۆ هەموو مێژووی مرۆڤایەتی، لوتکەی دڕندەیی و ستەمکاریی دیکتاتۆر وستەمکار و سستتمە تۆتالیتارییەکانیانە.

تاوانێکی وەکو ئەنفال کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراو، پالَپشت بوو بە دیدێکی ئایدیۆلۆژی رەگەست پەرستانەو ناسیۆنالیستانەی توندرەو، دواتریش زۆر دلّ رەقانەو درندانە ئەنجام درا، دلّ رەقی و درندەیی دوو وشەی زۆر سادەن و ناتوانن تەعبیر لە و هەلّس و کەوتانە بکەن. بە هەر حال جینۆسایدیان دژ بە گەلی کورد بەرپا کرد...

بەلاَم لە هەموو ناخۆش و جەرگبرتر ئەوەبوو کە خۆشمان لە ئاست ئەو کارەساتە دلّتەزێن و تاوانە گەورەیەدا هەلّوێستەیەکی

جیددیمان نەکرد، زۆر درەنگ کەوتین،(لە گەڵ رێزو پێزانینمان بۆ هەوڵە درەنگ وەختەکان و نرخاندنیان)، درێژەمان بەو کارەساتە دا بە شێوازی جۆراوجۆر، کە دەکرێ پەنجا بە پەنجاو و شەری ناوخۆو وپەرتکردنی کوردستان و دوو ئیدارەیی و درێژە دان بەو دوو ئیدارەییەش تاکو هەنوکە و ئێستا و بەتالانبردنی داهات و قوت و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان سیماکانی درێژ کردنەوەی ئەو تاوانە بێت بە دەستی خۆمان...

هەر بۆیە دەخوازین حکومەتێك بە واتا راستەقینەکەی بێتە ئاراوە، حکومەتێك حکومەتی خەڵك بێت نەك هی حزب و چەند کەسایەتییەك...ئەو مۆدیلە نوێیانەی ئەنفال، راستتەکە دەبێ دانی پێدا بنێین و هەڵوێستە وبڕیاری جیددی وعەمەلی چاکسازیی لە ئاستدا وەربگرین...

ئێمە نەمانتوانی ژیانێکی شەرەفمەندانەو پڕ لە رێزو کەرامەت بۆ مرۆڤی کورد وەکو پێویستە بنیات بنێین، نەمانتوانی کەلتورو رەفتارەکانی بەعس لە ناخماندا ریشەکەن کەین، لە رەفتارماندا بنە برکەین،، بەڵکو لەچەندین دیمەن و شێوەدا دووبارەو سەدبارەمان کردەوەو دەیکەین، نەمانتوانی ئاشتەواییەکی راستەقینە بهێنینە ئاراوە، ئەوەندەی بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسییەکانما بەرین و

فراوانکرد، بە ئەندازەی ئەوە ، لە بەرامبەردا بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییمان پەراوێزخستو فەرامۆشکرد،...

ئەوەی کراوە بۆ دۆزو کەسوکاری ئەنفال لەبوارەجۆربەجۆرەکاندا، ناتاوانرێ بەراورد بکرێ بە گەورەیی و هەستیاریی کارەساتەکە، لە کاتێکدا دەتوانرا زۆر زیاتر بکرێ، تواناو ئیمکانیاتی زۆر گەورە هاتە دەست، بەلاّم مەخابن ئێمە خستماننە خزمەتی حیزب و بەشێك لە کەسایەتیەکانیەوە، نەك دۆزە کەوکەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە....هێشتاش کات و دەرفەتی زۆر ماوە ، هیوادارین وە خۆ کەوین وهەنگاوی خێرا بنێیین تا چیتر دوا نەکەوین ! !

بەرێزان، لاوانی خوێن گەرمی ولاّتەکەم، چین وتوێژو کەسایەتییە جیاجیا وجیاوازەکان، خۆشحالّم (لە سالّیادی بۆنەیەکی وادا)ئەبینم و ئەبیبستم بەدەنگی بەرزو و لە کەنالّی جۆراوجۆرەوە، بانگەشەی نا بۆ ستەمکاری (بەڕوو ڕوالّەتە جۆراوجۆرەکانی) و بەلّێ بۆ دادگەری وگەڕاندنەوەی مافەکان دەکرێ ...ئەمەیە پەیامی راستەقینەی کەسوکاریی ئەنفالکراوەکان...

لێرەشدا منیش لەگەلّ ئێوەدا دەلّێم: نا بۆ گەندەلّی و ناروونی، بەلّێ بۆ چاکسازی وشەفافییەت، نا بۆ تەزکیەی حیزبی ومەحسوبیەت،

بەڵێ بۆ کارامەیی ودڵسۆزی، نا بۆ حیزبی چەکدارو دەسوەردانی حیزبی ،بەڵێ بۆ دامەزراوەی حکومی سەربەخۆو بەهێزوبێلایەن وخەڵك دۆست، بەڵێ بۆ داخوازیی وخواستی جەماوەر نا بۆ شێواندنی خواستەکان و بەحیزبیی کردنی خۆپیشاندانەکان، بەڵێ بۆ بازاڕی ئازاد نا بۆ پاوەن کردن وئیستغلال، بەڵێ بۆ خزمەتگوزاریی وهاوکاریی، نا بۆ بەفیڕۆدان وگزیکاری، بەڵێ بۆ نیشتمان پەروەری ودەسپاکی نا بۆ خۆخۆیی و ناپاکی، بەڵێ بۆ ئاشتی وئارامی ، نا بۆ توندوتیژی وپشێویی، تکایە، تکایە ئەمڕۆ وەرچەرخانێکی مێژوویییە لە ناوچەکەدا، ئێمەش لەو گۆرانکارییانە بەدەرنین، کاتی بەخۆداچونەوەیە، کاتی هەڵوێستە کردنە، نەك تۆمەت بەخشینەوە، نەك تەخوینکردن و تۆمەتبارکردن، نەك پشتگوێ خستن وکات بەڕێ کردن، خەڵکی کرداری دەوێ نەك گوفتارو بەڵێن، خزمەتکاری دەوێ نەك ئاغاواوخۆسەپێن، دەیەوێ ئازاد بێ و تەنها بەندەی خوا بێ، نەك کاسەلێسی نۆکەرایەتی و بچوکایەتی وکۆیلایەتی.....دەیەوێ حکومەت دەزگای خزمە تکردتنی ئەو بێت..

ریسوا بن ئەوانەی دژ بە گەلەکەیانن، دژ بەخاك و وڵات و نیشتمانیانن، دژ بە سەروەری و سەربەخۆیی کوردو کوردستانن، شەرمەزاربن ئەوانەی ئاشتی وئارامیان ناوێ، کار ناکەن بۆ دۆزی رەوای گەلەکەیان، سەرفرازبن ئەوانەی شکۆمەندی وئاسودەیی وسەربڵندی تاکەتاکەی ئەم کۆمەڵگەیەیات دەوێ، روو زەردی بارەگای خواو خەڵك

بـن ئەوانـەی گـەل و داهـاتی ولأتیـان کردوەتـە خزمـەتی حەزوخواسـتە نەگریسەکانی خۆیان و گروپ و بەرژەوەندییە بەرتەسك و نارەواکان...

بـەڵێ بـۆ دادگـەریی وئـازادی ومـاف وخواسـتە رەواکـانی خـەڵك وجەماوەروگەل، نا بۆ گەنـدەڵی وئیسـتغلال وناپـاکی وسـتەم وزۆرداری، بـەڵێ بـۆ ئاشـتی وئـارامی وخۆپیشـاندانی هێمنانـە، نـا بـۆ هەڕەشـە و ترسـاندن وئـازاردان و کوشـتن..... بـەڵێ بـۆ داکـۆکی لـە مافـە مـادی ومەعنەوییەکانی کەسوکاری ئـەنفالکراوان و خـەمخۆری بـۆ دۆزی ئـەنفال وەك دۆزێکی نەتەوەیی نەك بە حیزبیکردنی، هـەموو ئەمانـەش لـە پێنـاو داهاتوویـەکی باشـترو گەشـتر بـۆ گـەلی کـوردو بنیاتنـانی حکومـەت و کیانێکی بەهێزو دەزگایی سـەربەخۆو خزمـەتکار، لـە پێنـاو نەتەوەیـەکی ئاسودەو ئازاددا.

## قوربانییەکان چییان دەوێ؟

ئەی دار بەڕووەکانی شاخم  ئێوە ڕەگتان لـەم خاکـەبوو، زۆرنـامۆ بـوون به بیابان

ئەی دارەوەنەکانی خاکم ئێوە نەمامی ئێرە بون

چیتان دەکرد لە لمستان؟

ئێوە فێری دۆڵ و شاخ و خاکی سەوز و

شنەی شەماڵی ئێرە بون

چیتان دابوو لە رەشەبا و گڕە و گەرمای ئەو سەحرایە !

ئەی رەز و مێوی قەدپاڵم

چرۆی پشکوتوی بەر ماڵم

گوڵاڵە سورەی بەهارم

چیتان دەکرد لەو سەحرایە

لای گەردەلول و تۆزی لم، وشکەساڵی

پوش و پەڵاش و بێ حاڵی

بەچکە شێرەکانی خاکم،

هەڵۆی بەرزە فڕی ئاسمان

چیتان دابوو لەو کپییە

لەو کزیی و بێ مروەتییە ! !

ئەرێ هۆ دار گوێزەکانم

ئێوە هەمیشە ئاوا بون
سێبەردار و پەناگابون
ئەوە چییە وا رووتەڵەن
بێ بەرگ و رەنگ و کرچۆڵەن
ئەوە چییە ! !
دایکانی بەسۆزی خاکم ! ! !
منالّی بێ نازی پاکم ! ! !
کچۆڵەی پاکیزە و چاکم
لاوی بەجەرگی خەمناکم
بۆ کزۆڵەن
بۆ گرمۆڵەن
بۆ شڕۆڵەن
بۆ بێ بەرگن
بۆ سەری بەرزتان نەوییە
لەجێی جوڵە و کار و فرمان
لەجێی جوت و خەلە و خەرمان
کەچی کپ و واق وڕماون
لەبێ دەنگیدا تاساون
یەك بەسەر یەکدا پیشاون

بەڵێ زانیم... بۆچی وەها روو ژاکاون
هەموتان پێکەوە گەلۆ
بۆ چاڵی مەرگ
نێردراون
باش تێ دەگەین
چاك ئەزانین کە نەماون
تەنها ئێسك و پروسك ماوە
ئەویش دەسوتێ لەلاوە
تەنها گیانتانە... پاراوە
لای خودا ناوتان نراوە:
(شەهیدی ئەم خاك و ئاوە
رەمزی ستەمی بڕاوە)
...........
بەلأم دایە، باوە، خوشکم
کاکە ، دادە، برام، پشتم
ئەی کیژ و کچۆڵەکانم
ئەی لاوە کلۆڵەکانم...
ئەزانن کە:
ستەمی خۆمان هەر ماوە

کوڕەکانی شاخی ئەوسا

شارەکانمانیان قانگ داوە

لەجێی ئاشتی و برایەتی

رق و کینەیان هێناوە

لەجێی باخ و رەز و کانی

لەجێی سەوزی و ئاوەدانی

لەجێی هیوا و میهرەبانی

وشکە سالّییان بۆ هێناین،

رق و کینە و خۆخۆییان کردە دیاری

کوردستانیان بەش بەش کردین

کردیانە میراتی و دیاریی،

پاش ماوەیەك

باش دەبینین

هەرچی شاخ و دەشت و کێوە ،

هەرچی ئاوو رەز و مێوە

تاپۆی ئەوانی واپێوە

زەوی و خاکی ئەم ولاّتە

خێر و بێری،

هەمووی بۆ ئەوان داهاتە

**ئەمەش هیچ نییە بۆ ئەوان**

**چونکە قەرەبووی خەباتە ! ! !**

**ئەگەر کەسێکیش بێتەگۆ،**

**بڵێ نەخێر ، ئیتر بەسە**

**تالآنکردنی نیشتمان،**

**هەڕاجی داهات و سامان**

**بەفیڕۆچونی خوێنمان،**

**ئەوە کەسێکی ناپاکە**

**دژە بە ئەم ئاوو خاکە ! !**

**دەستی دەرەکی لەپشتە**

**بێ ئەزمونە، بێ رەوشتە،**

**هەتا دوایی.... بێ کۆتایی ......**

**........................**

**قوربانییەکان پێمان دەڵێن، پێتان دەڵێن**

**مەمانکوژن بانەکوژرێن**

**ئەم ولآتە هی هەموانە**

**خێر وبێری و خاك و خۆڵی**

**ئێسك و پروسكی گشتمانە**

**پێتان دەڵێن**

نا بۆ پیرۆزی سەرکردە

نا بۆ ئاماژەدانی سەوز

بۆ دز و پیاوکوژ و جەردە

نا بۆ بە ئاغاکردنی

ناپاك و موستەشارەکان

نا بۆ پێدانی پایە و ماف

بەگەندەڵ و غەدارەکان

بە ئاگابن، زۆر وریابن...

ڕاستە ئێمە بڕاینەوە

لە ناوخاکدا تواینەوە

بەڵام رۆح و گیانی ئێمە

هەر زیندووە، لە ناوتانە

رۆحی ئێمە ناخی هەژار و سوتاوە

دەنگ و سەدای پیرەژن و پیرە پیاوی کوڕوزاوە

خەمی خەفەبوی هەزاران

ئافرەتی پیاو بەجێ ماوە

رۆحی ئێمە قوڵپەی گریانی هەزاران

مناڵی بێ ناز کراوە

نزا و نرکە و ناڵەی کەسانی بێ ماف و

چەوساوە و بێ نان و ئاوە....

........

ڕۆحی ئێمە ئاهو ناڵەی نەدارانە

گیان و ورەی گەنج و لاوی کوردستانە

ڕۆحی ئێمە لەبەهاردا خەفەکرا

لەبەهاریشدا دێتەوە

ئەگەر بەخۆدا نەچنەوە

جارێکیتر ئەژێتەوە

و

ئەبێتەوە بە قوربانیی

و

لە پێناو بەهارێکیتر

ئامادەیە بمرێتەوە

ڕۆحی ئێمە

سەوزایی قەدپاڵی دەوێ

قاسپەی کەوی کێو و شاخ و

باڵندە و باڵداریی دەوێ

ئاوازی شادی بولبول و گوڵ و لالەزاری دەوێ

گیانی ئێمە شادی دەوێ

بزە و خەندە و ئاسودەیی و

دۆخێکی پڕ دادی دەوێ

بۆ ئێستا و داهاتوی گەلمان

مافی دەوێ

بۆ تەواوی کوردستانیش

ئازادی و بەیداخی دەوێ.

2012/4/10

کورتە یەك لە ژیاننامەی نوسەر(فاتیح سەنگاوی)

- فاتیح محەمەد سلێمان1976.
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی-ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین1997-1998.
- ماستەر لە کۆمەڵناسی زانکۆی حورەی هۆڵەندی سەبارەت بە (عملیات الانفال وئ‌پارها علی الشباب-دراسە اجتماعیە نفسیە میدانیە)2007-2008.
- ماستەر لە زمانی عەرەبی- لوبنان زانکۆی جینان2010-2011.
- کاری ڕۆژنامەنوسی جۆراوجۆری وەکوپەیامنێری ودەستەی نوسە ران و سەرنوسەری.
- سەرنوسەری پێشووی گۆڤاری باباگوڕگوڕ.
- سەرنوسەری گۆڤاری شوناس کە گۆڤارێکی توێژینەوەیی مرۆیی بوو-ئێستە وەستاوە.
- ئەزمونی کاری ئێزگە وتەلەفزیۆنی وەك پێشکەشکار وبەڕێوەبەر.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆزنامەنوسان- لقی کەرکوك.
- ئەندامی یەکێتی رۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی.

**چالاکی بواری کاری ڕێکخراوەیی**

- ئەنــدامی دەســتەی دامەزرێنــەری رێکخــراوی خێزانــی بەختــەوەر ولێپرسـراوی یەکـەمی ئـەوڕیکخراوە بـۆ مـاوەی زیاترلە3سالْ.
- ئەندامی (المفوچیە العراقیە لمؤسسات المجتمع المدنی)بوە.
- ئەنــدامی دەســتەی کارگێڕی(شــبکە العــراق لمحاربــە الفساد)بووە.
- ئەنــدامی دەســتەی دامەزرێنــەری ناوەنــدی شــوناس بۆتوێژینــەوە مرۆییەکانــە و بەڕێوەبـەری ئـەو سـەنتەرە بـۆ ماوەی 3سالْ.
- ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی جیهـانی خێـزان لەخـەرتووم 3-2005/12/5.
- ئەندام وپێشکەشکاری توێژینەوەیەك لە کـۆنگرەی یەکـەمی بەجیهانناسـاندنی جینۆسـایدی گـەلی کـورد26-27/4/2008.
- ئەنـدامی دووەم کـۆنگرەی نێودەولـەتی گۆڕەبەکۆمەلـەکان لە نەجەف8-10-تشرینی یەکەم-2008.
- ئەندامی سێیەم کـۆنگرەی نێودەولـەتی گـۆڕە بەکۆمەلـەکان -هەولێر- 17-19-4-2011.

- ئەندامی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان .
- بەشداریی لە چەندین نەدوە و ۆرکشۆپی جۆراوجۆر وەك ئەندام وپێشکەشکار.

**لەبواری نوسین ووەرگێڕاندا ئەم بەرهەمانەی هەیە**

1. لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەبیدعە وچۆنێتی گۆڕانی خراپە.1999.
2. قورئان وگفتوگۆیەك سەبارەت بەئازادی..2000
3. بونیادە سیاسیەکانی ئیسلام.2005 .
4. خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشین بون وشەهیدبوندا.2002(وەرگێڕان).
5. ئافرەت قەیرانی ناسنامەومەیدانخوازییەکانی داهاتوو. 2002(وەرگێڕان).
6. دۆزی ئافرەت لەنێوان ئازادکردن وبەسەنتەرکردنی مێینە. 2002(وەرگێڕان).
7. هەڵسەنگاندنی فەرمودە لەنێوان عەقڵ ونەقڵدا(وەرگێران وئامادەکردن)2002

8. ئازادی یاتۆفان2008(وەرگێڕان).
9. خنكـانی مەعریفـە لـە نێوشەهوەتدا(بەهاوبەشـی) 2006(وەرگێڕان)
10. قوربانییـەكانی خۆشەویستی(بەهاوبەشـی) 2007. (وەرگێڕان)
11. ئـەوەی برێمەرلەكتێبەكەیـدا یاداشـتی نەكردووە(بەهاوبەشی). 2007(وەرگێڕان)
12. ئیسـلام وئـافرەت وڕەواندنـەوەی چەندگومانێك(بەهاوبەشی) 2008(وەرگێڕان)
13. ئیسلام و سیاسەت و كاری ئیسلامی 2012.
14. ئـازادكردنی مـرۆڤ و رامـاڵینی سـتەمكاریی (وەرگێڕان و ئامادەكردن)2012.
15. عملیـات الٲنفـال وئـاپارهـا علـى الشـباب-دراسـه اجتماعیه نفسیه میدانیه، 2010.
16. عملیـات الٲنفـال فى كوردسـتان العـراق فى چـوو مقاصـد الشـریعه والاتفاقیـات والمواپیـق الدولیه2010.
17. معجـم مصـگلحات الفكـر الاسـلامى المعاصـر، دلالاتها وتگورها، 2012.

18. لێکۆلینەوەیــەك ســەبارەت بەناووســیفەتەکانی خوای گەورە 2012.
19. ئیسلام و سیاسەت و کاری ئیسلامی 2012
20. جگە لەجەندین بابەت و چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامە وگۆڤار و سایتەکان .